# شیکردنەوەی جوگرافی بۆ دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا

**د. سروه جلال حمه عبدالله [١]**

١ زانکۆی سلێمانی - کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان - بەشی جوگرافیا

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ د. سروه جلال حمه عبدالله



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## پوختە

دابەشـبونی ژینگەیی دانیشـتوان لە قەزای پێنجوێن لە ماوەی نێوان سـاڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا، بە یەکێك لە بابەتە گرنگەکـان لە بوارەکـانی لێکۆڵینەوەی دانیشـتوان دادەنرێـت، چونکە پەیوەنـدی نێوان دانیشـتوان و شـوێنی نیشتەجێبونیان دەخاتە ڕوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر دانیشتوانی قەزاکەدا هاتووە ڕونبکاتەوە، سـەرباری دیاریکردن و شـیکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی لە پشـتی ئەو گۆڕانکارییانەبون. لەبەر گرنگی بابەتەکە و کاریگەری سـتراتیجی قە زای پێنجوێن کە هاوسـنورە لەگەڵ ئێراندا، یەکێك بووە لە گۆرەپانەکانی جەنگی عێراق- ئێران (١٩٨٠-١٩٨٨)،بە شـێوەیەك لە سـەرژمێری سـاڵی (١٩٨٧) دا، دانیشـتوانی قەزاکە بە هۆکاری جەنگ ڕاگوێزراون. ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی دەرخستنی جیاوازی دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای پێنجوێنە لەگەڵ خستنەرو و دەرخستنی ڕۆڵی فاکتەرە جوگرافیەکان چ سروشتی بن یان مرۆیی لەو قەزایەدا ، هەروەها بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزاکە بۆ ئەوەی لەلایەن لێپرسراوانەوە سودی لێوەربگیرێت لە کاتی دانانی هەرپلانێك، کە بەمەبەستی پەرەپێدان بووژاندنەوە و بەرەوپێشبردنی ناوچەکە دادەڕێژرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە بەچەند دەرئەنجامێك گەیشـتووە ڕێژەی دانیشـتوانی شـارنشـین لە سـاڵی (2009) دا (٥٥٪) ی پێکهێناوە لە کۆی دانیشـتوانی گشـتی قەزای پێنجوێن، بەڵام لە سـاڵی (١٩٦٥)دا لە (٢١,٨٪) تێ نەپەڕیوە، بەڵام ڕێژەی دانیشـتوانی گوندنشـین لە قەزای پێنجوێن لەماوەی سـاڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩)، دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە بە جۆرێك دانیشتوانی گوندنشین (٧٨,٢٪)ی پێکهێناوە لە کۆی دانیشتوانی گشتی لە ساڵی (١٩٦٥)دا، بەڵام ئەم ڕێژەیە دابەزیووە بۆ (٤٥٪) لە سـاڵی (٢٠٠٩)دا. حاڵەتێکی نایەکسـانی دەکرێت لە دابەشـبونی ژینگەیی دانیشـتوان بەسـەر ناوچەکانی قەزاکەدا، چونکە ژمارەیەکی زۆری دانیشـتوان چڕبونەتەوە لە خاڵێکی دیاریکراودا ، ئەم حاڵەتە پێویسـتی بە دووبارە دابەشکردنەوەیە تاوەکو دابەشبوونەکە شێوەیەکی یەکسان بە خۆوە بگرێت. ئاماژەکانی گۆڕانی دانیشتوان لەنێوان ناوچەی شارنشین و گوندنشیندا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر جیاوازە، ئەم جیاوازیە لە ناوچەی گوندنشین زیاترە وەك لە ناوچەی شـارنشـین، هەروەها تێبینیدەکرێت ئاماژەکانی گۆڕان لە ناوچەی شـارنشـین هەمیشـە کۆمەڵە بەهایەکی مووجەبن بەڵام لە ناوچەی گوندنشـین بەهای سـالب لە هەندێك سـاڵدا دەردەکەوێت، واتە ئەم جیاوازییە لەنێوان بەهاکانی ئەم ئاماژانەدا لەسەر ئاستی شارنشین و گوندنشین لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا زیاتردەبێت، لە کاتێکدا قەبارەی زیادبوونی سـاڵانە لەسـەر ئاسـتی دانیشـتوانی قەزای پێنجوێن لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا (١٩٦٥-٢٠٠٩)، گەیشـتۆتە (٢٩٢,٨) کەس، بەشـێوەیەك لە ناوچەی شـارنشـین بەرزدەبێتەوە دەگاتە(٣٥١,٩) کەس، پاشـان لە ناوچەی گوندنشـین نزم دەبێتەوە دەگاتە(٥٩,١-) کەس، بە شـێوەویەکی ڕونتر دەتوانین گوزارشـت لە ڕادەی جیاوازی لەنێوان بەهاکانی ئاماژەی گەشەی دانیشتوان لەسەر ئاستی دانیشتونی قەزاکە بەگشتی و ناوچەی شارنشین و گوندنشین بکرێت، لە ڕێگەی ئاماژەکانی ڕێژەی گۆڕانی دانیشـتوان، بەشـێوەیەك ڕێژەی گۆڕانی دانیشـتوانی قەزاکە لە ماوەی سـاڵانی لێکۆڵینەوە بریتی بووە لە (٥٠,٧٩٪)، هەروەها ڕێژەی گۆڕانی دانیشـتوانی شـارنشـین (٢٧٩,٨٤٪)، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناوچەی گوندنشین گەیشتۆتە (١٣,١-%).

## الملخص

إنَّ التوزيع الجغرافي للسكان في قضاء بنجوين خلال الفترة من (١٩٦٥-٢٠٠٩) يعتبر واحداً من اهم المواضيع ضمن إطار الأبحاث المتعلقة بالسكان لأنه يكشف العلاقة المتبادلة بين السكان ومناطق سكناهم. تحاول هذه الدراسة إستقصاء التغيرات التي شهدها التوزيع الجغرافي للسكان في القضاء المذكور خلال فترة الدراسة (١٩٦٥-٢٠٠٩) . والأكثر من ذلك، فهي تحاول معرفة وتشخيص الأسباب ذات الصلة التي تقف وراء إحداث تلك التغييرات. وبسبب الأهمية الأستراتيجية لقضاء بنجوين وموقعها الواقع على الحدود العراقية الإيرانية وكونها واقعة ضمن ساحات وميادين القتال الأساسية للحرب العراقية الإيرانية خلال الأعوام (١٩٨٠-١٩٨٨) .إذ إنَّ ووفقاً للتعداد العام للسكان لعام (١٩٨٧)، تم ترحيل معظم سكان مناطق بنجوين إلى مناطق أخرى من العراق بسبب مقتضيات الحرب العسكرية والأمنية.

إن هدف هذه الدراسة هو إظهار الإختلاف في التوزيع البيئي لسكان القضاء المذكور بالإضافة إلى إبراز العوامل الجغرافية التي تقف وراء إحداثها وكشف النقاب عنها. وفي سبيل ذلك فقد كنا مدفوعين بالدرجة الأساس بالرغبة في إتاحة الفرصة للمؤسسات والجهات الحكومية في الإستفادة من نتائج هذه الدراسة لأغراض الخطط والسياسات المتعلقة بالسكان وتطويرها . لقد وصلت نسبة السكان الحضر في القضاء المذكور لعام (٢٠٠٩) إلى (٥٥٪) من مجموع سكان القضاء، فيما نجد انه في العام (١٩٦٥) شكلت تلك النسبة (٢١,٨٪) من مجموع سكانه. ونجد أنَّ نسبة سكان الريف قد بلغت (٤٥٪) من مجمو ع سكانه. ويبدو أن هناك حالةً من اللامساواة في التوزيع البيئي لسكان القضاء،لأنَّ معظم السكان يتركزون حول نقطة معينة .إن هذا يحتاج على إعادة توزيع من اجل ان يحقق التوازن إلى أقصى حدٍ ممكن. إن مؤشرات التغيير السكاني في المناطق الريفية يختلف من عام إلى آخر.وهذا الإختلاف يبدو في المناطق الريفية . وكما هو ملاحَظ ، فإنَّ قيم مؤشرات التغير دائماً ما تكون إيجابيةً في المناطق الحضرية لكنها تكون سلبية في المناطق الريفية في بعض الأعوام. إنَّ حجم الزيادة السنوية على مستوى القضاءبلغ (٢٩٢,٨) شخصاً في فترة البحث (١٩٦٥-٢٠٠٩) محققاً تصاعداً في المناطق الحضرية إلى (٣٥١,٩) شخصاً ومتناقصاً بعد ذلك إلى ( ٥٩,١-) في المناطق الريفية .كما إنَّ نسبة التغير السكاني ، للفترة نفسها هي (٥٠,٧٩٪) وإنَّ نسبة تغير سكان الحضر قد بلغت (٢٧٩,٨٤٪) ولكن النسبة قد بلغت (١٣,١-%) في المناطق الريفية.

**Abstrac**

Geographical Distribution of Population in Penjwen District between (1965-2009) is deemed as one of the most important topics within the discipline of Population research as it explores the mutual relationship between the population and their place of inhabitation. This research attempts at explaining the changes the geographical distribution of population of the said district has witnessed between (1965-2009),Moreover it aims to identifying and analyzing the relevant factors that stand behind those changes. Due to the importance of the topic and the strategic impact of Penjwen District location, being adjacent to the Iranian borders, it was one of the main battlefields and the front line in (1980-1988) Iraq Iran war. The district was so influenced by the consequences of that war that, according to the 1987 Census most of its people were displace to other parts of Iraq.

The purpose of this study is to show the difference of environmental distribution of population of the aforesaid district, in addition to showing the role of geographical factors in making those differences. In doing so we are mainly motivated by the desire to enable the competent authorities of government to deploy the outcomes of this research in the room of planning and development either on the level of urban areas or rural ones within that district.The rate of urban dwelling inhabitants in Penjwen district in (2009) formed (55%) of the total population of Penjwen, while in (1965) it made up only (21.8%) of its total population. The rate of rural inhabitants in Penjwen district within (1965-2009) decreased noteabley and only amounted to ( 78.2 %) of Penjwen Population in total,for(1965), but this rate decreased to (45%) in (2009).

There appears to be a case of inequality in the environmental Distribution of

Population in the districts,as most population have been gathered on a specific point. This needs to be redistributed so as for the distribution to be as equal as it can be.The indications of population change between the urban and rural areas differ from one year to another. This difference appears in the rural areas. As noted, the values of change indications are always positive in urban areas while it takes a negative form in rural areas in some years.

The annual volume of increase, on the level of district amounted to (292.8) person in the research period (1965-2009) escalating in the urban areas into (351.9) person and decreasing into (-59.1) in the rural areas. The rate of the district population change for the same period is (%50.79) and the rate of the urban population change reached (279.84) but the rate has reached (13.1-) in the rural areas.

**پێشەکی:**

لێکۆڵینەوە لە دابەشبونی دانیشتوان و پۆلێنکردنی کۆمەڵگا بە پێی شوێنی نیشتەجێبون بۆ (شارنشین و گوندنشین )، بە یەکێك لە بابەتەگرنگەکان دادەنرێت لەلایەن جوگرافیناسەکان و دیمۆکرافیناسەکانەوە هەردووکیان وەك یەك بایەخی پێدەدەن، چونکە لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوەیەوە دەتوانن بگەنە پەیوەندی نێوان دانیشتوان و شوێنی نیشتەجێبونیان و شیکردنەوەی هۆکاری ئەو پێشبینییانەی لە داهاتوودا لەو دابەشبونە دەکەوێتەوە، هەروەها دیاریکردنی ڕۆڵی فاکتەرە جوگرافیەکان لە هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبونی دانیشتواندا.

لێکۆڵینەوە لەم بابەتە بە یەکێك لە پێداویستییە بنەرەتیەکان دادەنرێت، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین بگەینە دۆزینەوەی شێوازی بەرهەمهێنانی دەرامەتە مرۆییەکان لە هەموو ڕوویەکەوە، بە تایبەت لە زۆربەی وڵاتان کە جیاوازییەکی بەرچاو لە دابەشبوونی دانیشتوان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکیتر دەبینین ، چونکە ڕەنگە لە هەندێك شوێندا بڵاوببنەوە لە هەندێك شوێنیتردا کۆببنەوە. وەك چۆن لە سەراپای ناوچەکانی عێراق و ناوچەی لێکۆڵینەوە (قەزای پێنجوێن) دا دەبینرێت.

**ئامانجی لێکۆڵینەوە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامانجی دەرخستنی جیاوازی دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای پێنجوێنە لەگەڵ خستنەرو و دەرخستنی ڕۆڵی فاکتەرە جوگرافیەکان چ سروشتی بن یان مرۆیی لەو قەزایەدا ، هەروەها بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزاکە بۆ ئەوەی لەلایەن لێپرسراوانەوە سودی لێوەربگیرێت لە کاتی دانانی هەرپلانێك، کە بەمەبەستی پەرەپێدان بووژاندنەوە و بەرەوپێشبردنی ناوچەکە دادەڕێژرێت.

**چوارچێوەی کاتی و شوێنی لێکۆڵینەوەکە:**

**أ- چوارچێوەی کاتی لێکۆڵینەوەکە:** سەبارەت بەدانانی چوارچێوەیەکی زەمەنی بۆ لێکۆڵینەوەکە ماوەی نێوان ساڵانی(١٩٦٥-٢٠٠٩)مان وەرگرتووە، سەرەتای دەستپێکی لێکۆڵینەوەکە بریتیە لە سەرژمێری ساڵی (١٩٦٥)، چونکە قەزاکە لە ساڵی (١٩٥٩) دامەزراوە، ساڵی(٢٠٠٩)، لەسەرئەوبنەمایە وەرمانگرتوە، کە لەم ساڵەدا دەستەی ئاماری هەرێم پرۆسەیەکی گەمارۆسازی و ژمارە لێدانیان بۆ پارێزگاکانی سلێمانی و هەولێر و دهۆك ئەنجامدراوە ، ئەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە دەبێتە بنەمایەکی تۆکمە بۆ پرۆسەی سەرژمێری گشتی دانیشتوان لە عێراقدا کە لە دوای ساڵی(١٩٨٧)ەوە ئەنجام نەدراوە.

**ب- چوارچێوەی شوێنی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی لە چوارچێوەیەکی شوێنیدا کاردەکات کە خۆی لە قەزای پێنجوێندا دەبینێتەوە، بەسەراپای سنووری کارگێڕییەوە وە سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانەوە، ئاشکراشە قەزای پێنجوێن یەکێکە لە قەزا سنورییەکانی پارێزگای سلێمانی، دەکەوێتە خۆرهەڵاتی پارێزگای سلێمانی، لە باکور و خۆرهەڵاتەوە هاوسنورە لەگەڵ ئێراندا، لەبەشی ڕۆژئاوای قەزای شارباژێڕە، لە بەشی باشور و باشوری ڕۆژئاوادا لە گەڵ هەریەك لە قەزاکانی هەڵەبجە و سەیدسادق هاوسنورە. بڕوانە نەخشەی (١).

شوێنی ئەستڕۆنۆمی ناوچەی لێکۆڵینەوە کە بریتییە لە قەزای پێنجوێن، دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (06″35°51′–05″35°26′) ی باکور و هەر دوو هێڵی درێژی (03″45°45′- 46°21′) ی ڕۆژهەڵات، بەم پێیە

ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە باشـــوری هەرێمی فێنکی باکوری گۆی زەوی. ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناوچە شـاخاوییە پێچ ئاڵۆزەکانەوە، کە یەکە کارگێڕییەکانی لە (٣) ناحیە پێکهاتووە، کە بریتین لە (سـەنتەری قەزا، گەرمك، ناڵپارێز)، لە دوای ئەنجامدانی ئەو گۆڕانکارییە کارگێڕییانەی کە ڕویانداوە بە پێ ی نەخشـــەی سـاڵی (٢٠٠٩) . وەك لە نەخشەی (٢) دەبینرێت، هەروەها ڕوبەری قەزاکە لە ساڵی (٢٠٠٩) دا (١١٣٦) کم٢ بووە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :** هەموو لێکۆڵینەوەیەکی زانســتی پێویســتی بەوە هەیە، کەوا میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی بەکاربهێنێت، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەشدا پشتمان بەمیتۆدی (وەسفی و شیکاریی ) بەستووە .

**کێشەی لێکۆڵینەوە:**

١-تا چ ڕادەیەك گۆڕان و جیاوازی لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێندا هەیە .

نەخشەی (١)


شوێنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بە گوێرەی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە




سەرچاوە :- حکومەتی هەرێمی کوردستان ،وەزارەتی ناوخۆ ،پارێزگای سلێمانی ، نەخشەی پارێزگای سلێمانی، بەشی ڕووپێووی ،٢٠٠٩.

نەخشەی ( ٢ )

قەزای پێنجوێن بەپێی یەکەکارگێڕییەکانی دەوروبەری لە ساڵی(٢٠٠٩) دا




سەرچاوە: کاری توێژەر بە پشت بەستن بە : بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی قەزای پێنجوێن لە ساڵی ٢٠٠٩،بەشی نەخشەکێشان.

٢-بڕی ئەو جیاوازییە لە نێوان ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لەسەر ئاستی قەزاکە بە گشتی و دواتر لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان چەندە؟

٣-فاکتەرە جوگرافیەکان تا چەند کاریگەرییان لەسەر دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوانی قەزاکە هەیە ، ئەم پرسیارانە دەکەونە ناوچەی لێکۆڵینەوەکەوە وە هەوڵ دەدەین وەڵامی بدەینەوە.

**گریمانەی لێکۆڵینەوە:** بریتیە لە ڕاوبۆچوون یا گشتاندنێك یاخود بابەتێکی تیۆرییە یا وەڵامێکی پێشبینیکراو کە لەلایەن توێژەرەوە شیاوی تاوتوێکردن ولێکۆڵینەوەیە ، هەربۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر گریمانەی ئەوەدروست دەبێت ،کە گۆڕان و جیاوازی لە دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێندا هەیە، هەروەها جیاوازی لە نێوان ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لەسەر ئاستی قەزاکە بە گشتی و دواتر لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان بە پێی کات و شوێن هەیە،کە دەرئەنجامی کاریگەری جوڵەی سروشتی و شوێنجێیی دانیشتوان، بە یەکێك لە

گۆڕانکارییە بنچینەییەکان دادەنرێت، کە پسپۆڕانی جوگرافیای دانیشتوان هەوڵ دەدەن شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن ، لە پێناو تێگەیشتن لە چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین، پاشان فاکتەرە جوگرافیەکانیش کاریگەرییان لەسەر دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزاکە هەیە.

**چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکە:**

لە ڕاستیدا پێویستی توێژینەوەکە ئەوەی خواست کە باس لە چەند تەوەرەیەکی بنەڕەتی بکرێت سەرەڕای دەرئەنجام و پێشنیارو پاشکۆو لیستی سەرچاوە.

تەوەرەی یەکەم: دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی قەزا، بابەتی یەکەم (دانیشتوانی شارنشین لەسەر ئاستی قەزا )، بابەتی دووەم (دانیشتوانی گوندنشین لەسەر ئاستی قەزا).

تەوەرەی دووەم: دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان(ناحیەکان) ، کە ئەمیش دابەشکراوە بۆ دوو بابەتی سەرەکی: یەکەم(دانیشتوانی شارنشین لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان )، دووەم(دانیشتوانی گوندنشین لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان )، تەوەرەی سێیەم: ئاماژەکانی گۆڕان لە دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن.

کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانکراوە بۆ چەند دەرئەنجام و پێشنیارێك کە توێژەر پێی گەیشتووە.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## پێشەکی :

مەبەست لە دابەشبونی ژینگەیی دابەشبونی دانیشتوانە بە پێی شار وگوند ، ئەم شێوە دابەشبونەش جێگەی بایەخ وگرنگی پێدانە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی جوگرافیای دانیشتواندا، چونکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و زەوی دەخاتەڕو. ئەم دابەشبوونە یەکانگیرییەکی پتەوی لەگەڵ تەواوی بوارەکانی ئابوری وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاریدا هەیە. واتە هەر گۆڕانکارییەك لەم شێوازی دابەشبونەدا ڕوبدات، کە بەشێوەیەك لاسەنگی دروست بکات ڕەنگدانەوەی لە سەرجەم بوارەکاندا دەبێت. شار وگوند هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆیانن، ئەمەش لەناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازی هەیە، هەروەها ئەم تایبەتمەندییانەش لە گۆڕانکاریدان، هەر بۆیەش گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبونی مرۆڤیش بەپێی گۆڕانی بارودوخ شتێکی چاوەڕوانکراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو شێوازی دابەشبونە بەردەوام لە گۆڕاندایە[1]. چونکە دانیشتوانی شار لە گوندنشین لە ڕووی دابەشبوونیان و چڕیان وشێوازی ژیانیان جیاوازن ، ئەمە وێڕای پێکهاتە ئابوریەکەیان و قۆناغەکانی گەشەیان[2]. بەڵام بەڕای ئێمەی توێژەر هەرچەندە چەمکی شار و گوند پێشبکەوێت و گۆڕانیان بەسەردابێت هەمیشە کۆمەڵێك جیاوازی بنەڕەتی دەمێنێتەوە لەنێوان شار و گوند دا، کە وادەکات جیاواز بن لە یەکتری. تا ئێستا پێوەرێکی دیاریکراو دەستنیشانەکراوە تاوەکو جیاوازی لەنێوان گوندنشین و شارنشین دەربخات کە گونجاوبێت لە هەرکات وجێگایەکدا[3]، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا چەند پێوەرێك دانراوە بۆجیاکردنەوەی شار لەگوند کە گرنگترینیان پێوەری دیمۆگرافی، کارگێڕی، مۆرفۆلۆجی، ئابوری، مێژوویيە، یان هەندێ جار پێوەری ئاوێتە بەکاردەهێنرێت کە پشت بە زیاتر لە پێوەرێك دەبەستێت[4].

بە پشتبەستن بە یەکێك لەو لێکۆڵینەوانەی کە وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئەنجامیداوە هەوڵدەدەین پێناسەی شار بکەین بەوەی کە(کۆبوونەوەی چڕی دانیشتوانە نشینەکانە کە بەکارو چالاکی ئابوری جۆربەجۆری ناکشتوکاڵییەوە خەریکن و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە کۆمەڵێکی ناچوونیەکن لەپاڵ ئەم پێناسەیەشدا لەلایەن دەوڵەتەوە سیفەتی یاسایی کارگێڕی پێ دەدرێت)[5] بەڵام گوند بریتیە لە کۆبونەوەیکی مرۆیی لە شوێنێکی دیاریکراو کە سوود وەردەگرن لە زەوی و بەرهەمهێنانی کۆڵەکەی ژیانی ئابوریان پێکدەهێنێت و بە پلەی سەرەکی پیشەیان کشتوکاڵکردنە[6] و هەندێك جاریش پیشەی دانیشتوان دەبێتە خاڵی ناوبڕ لەنێوان شارنشین وگوندنشیندا وە لەکاتی ئێستادا جیاکردنەوەی چەمکی شار و گوند لەنێوان گشت وڵاتانی جیهاندا کارێکی سەخت ودژوارە، ئەمەش بەهۆی جیاوازی بیر وبۆچوونی توێژەرەکانەوەیە، کە نەگەیشتوونەتە پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم دوو چەمکە، سەرەڕای بوونی

---

١پشتیوان ئەحمەد شەفیق، شیکردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە(١٩٥٧-٢٠٠٦)،نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٩، ل٢٩.

٢علي سالم حميدان و آخرون، جغرافية السكان (مدخل الى علم السكان)، الطبعة الأولى،دار صفاء للنشر والتوزيع، بلا مدينة النشر، الأردن، ٢٠٠١,ص١٨٩.

٣ امل سعيد صالح ، تقليل الفجوة الريفية الحضرية عن طريق التنمية المتكاملة ، جامعة الدول العربية ، القاهرة، مصر، ٢٠٠٥، ص٦.

٤جاسم محمدمحمد علی ، ڕۆلی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٥٩.

٥ هیوا صادق سلیم ، جوگرافیای دانیشتوانی قەزای کۆیە (١٩٥٧-٢٠٠٢)، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، عیراق، ٢٠٠٦، ل٥٥.

٦ صبري فارس الهيتي وصالح فليّح حسن ، جغرافية المدن، دار الكتب للطباعة والنشر،الموصل، العراق، ١٩٨٦،ص٢٦.

زیاتر لەیەك بنەماو پێوەر بۆ جیاکردنەوەی شـــارو گوند کە پێشـــتر ئاماژەمان پێداوە. هەرلەبەر ئەوە کارێکی گرانە کە توێژەر هێڵی جیاکەرەوەی نێوانیان دیاریبکات.لە عێراقدا پێوەری کارگێڕییە یان شارەوانیە، کە شار هەموو سەنتەری بەشە ئیدارییەکانی پارێزگا و قەزا وناحیە ئەگرێتەوە بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان و جۆری چالاکی کۆمەڵانی خەڵکی(پیشـــەســـازی یان کشـــتوکاڵ)، جۆری ژیان، چەشـــنی خانووبەرە، ســـروشـــتی خزمەتگوزاری و کەلتووری وتەندروستی وپەیوەندی کۆمەڵایەتی ،جگە لەمانە هەموو دانیشتوانە ئاوەدانییەکانی تر بە گوند هەژماردەکرێن[٧].

ســـەبارەت بە ناوچەی لێکۆلینەوەکە،وەکو تەواوی ناوچەکانی تر چەندین گۆڕانکاری بەرچاوی بەســـەردا هاتووە لەڕوی دابەشـــبونی ژینگەییەوە، بە ئامانجی دەرخســـتنی هەموو ئەو گۆڕانکارییانە و پەیوەندییان بەســـەر ڕێژەی شـارنشـین وگوندنشـین لەماوەی نێوان سـاڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩) ڕویانداوە، بەمەبەسـتی ڕونکردنەوەی زیاتری سـەرجەم گۆڕانکارییەکان بە جیا باس لەم دابەشـــبونە دەکەین لەســـەر ئاســـتی قەزاکە و دواتریش یەکە کارگێڕییەکان واتە (ناحیەکان).

٧ سـروە جلال حمە، شـیکردنەوەی جوگرافیی بۆ دابەشـبوونی دانیشـتوان لە قەزای شـارباژێڕدا (١٩٥٧-٢٠٠٩)،نامەی ماسـتەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان،زانکۆی سلێمانی،٢٠١٢ ، ل٣٢-٣٢.

### تەوەرەی یەکەم: دابەشبونی ژینگەیی لەسەر ئاستی قەزا :

دانیشتوان لەقەزای پێنجوێن وەکو تەواوی ناوچەکانی تر لەنێوان شارو گونددا دابەشبون، بڕوانە خشتەی (١) و شێوەی (١) ، کە تیایدا پیشاندراوە کە گۆڕانێکی گەورە بەسەر ڕێژەی هەریەك لە شارنشین وگوندنشین لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا هاتووە. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم شێوازی دابەشبونە دانیشتوانی قەزاکە بە جیا لەسەر هەریەك لە دانیشتوانی شارنشین وگوندنشین دەدوێین.

**بابەتی یەکەم: دانیشتوانی شارنشین لەسەر ئاستی قەزا:**

دانیشتوانی شارنشین وا پێناسە دەکرێن کە لەشاردا دەژین وپیشەی پیشەسازی وبازرگانی و لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی تردا کاردەکەن وە بەوە دەناسرێنەوە کە بە ئاسانی خزمەتگوزارییە فێرکارییەکان، تەندروستیەکان، کارگێڕییەکان، خۆشگوزەرانیەکان،شارەوانیەکانیان دەست دەکەوێت[٨].

شارنشینی قەزای پێنجوێن لە ساڵی ٢٠٠٩ دا لە (٥٥٪) ی کۆی دانیشتوانی قەزاکیان پێکهێناوە ، لە خشتەی(١) و شێوەی (١) دا نیشاندراوە، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی تری ماوە لێکۆڵینەوەکە بە جۆرێك لە ساڵی (١٩٦٥) دا نزیکەی (٢٢٪) ی کۆی دانیشتووانیان پێکهێناوە وە جیاوازی نێوان ئەم دوو ڕێژەیە (٣٣٪) ە. ئەم ڕێژەیەش بە پێی ساڵەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، بەجۆرێك لە ساڵی (١٩٧٧) دا ئەم ڕێژەیە بەرز بووە و دەگاتە نزیکەی (٢٥٪) واتە لەم ماوەیەدا (١٩٦٥-١٩٧٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشین لە (٤،٠٧٪) زیادی کردووە ، ئەمەش لە خشتەی (٢) و شێوەی (٢) دا نیشاندراوە .ئەم زیادبوونەش لە ڕێژەی شارنشینان لەم ماوەیدا زیاتر پەیوەندی بە نادروستی ئەنجامە گشتییەکانی سەر ژمێری ساڵی (١٩٦٥) ەوە هەیە، چونکە لەبەر هەلومەرجی ئەوکاتەی عیراق وجەنگی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد وحکومەتی ناوەندی کە لە ساڵی ١٩٦١ ەوە لە ئارادا بوو وایکردبوو کە کارمەندانی سەرژمێریی کردنەکە نەگەنە زۆر لەشارۆچکەو گوندە دوور دەستەکانی قەزاکە و بە ناچارییەوە پەنابراوەتە بەر مەزەندە کردنیان، هەربۆیە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ ئەو ئەنجامە دروستە بەدەستنەهێنا ، وە هەروەها بوونی دیاردەی کۆچکردن لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان بەوپێیەی کە شارەکان لە ڕوی ئەمنیەوە سەقامگیرتر بوون، لەلایەکی تریشەوە کەمی بایەخ پێدانی دەسەڵاتی ناوەندی بە باری ئابوری وکۆمەڵایەتی وگوزەرانی گوندنشینان و کۆبوونەوەی پرۆژە خزمەتگوزارییە ئابوری وکۆمەڵایەتییەکان لە شارەکاندا و بوونی هەلی کارکردن لە شارەکاندا کاریگەر لەسەر جووڵی شوێنجێی (الحركه المكانیه)*.

---

٨محمد مدحت جابر، الجغرافية البشرية، الطبعة الأولى، المكتبة الأنجلو-المصرية، القاهرة، مصر،٢٠٠٤،ص١٥٢.

* جووڵەی شوێنجێیی (الحركه المكانیه) مەبەستمان لە کۆچکردنە کە بریتیە لە گواستنەوەی دانیشتوان لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە بۆ شوێنێکیتر کە پێ ی دەوترێ شوێنی گەیشتن لەبەر هۆکاری ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان سیاسی.وە ئەگەر کۆچکردنەکە لەناو سنوری وڵاتدا بێت ئەوا بە کۆچی ناوخۆی ناودەبرێت بەڵام ئەگەر سنوری سیاسیی وڵاتی بەزاند ئەوا پێیی دەوترێت کۆچی نێودەوڵەتی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە :

أ-علي لبيب، جغرافية السكان(الثابت والمتحول)،الطبعة الاولى، مطبعة دار العربية للعلوم، بيروت ،لبنان ،٢٠٠٤، ص١٥٩.

ب-فتحي محمد ابو عيانة، جغرافية السكان ، دار المعرفة الجامعة ،الأسكندرية، مصر،١٩٨٩،ص٢٧٩.

خشتەی (١)


ڕێژەی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٦٥-٢٠٠٩) دا

| ســـــــــــاڵ | شـــــــــــارنشین% | گونـــــــــــدنشین% |
|---|---|---|
| ١٩٦٥ | ٢١,٨ | ٧٨,٢ |
| ١٩٧٧ | ٢٤,٧ | ٧٥,٣ |
| ٢٠٠٢ | ٣٤,٣ | ٦٥,٦ |
| ٢٠٠٩ | ٥٥ | ٤٥ |

سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە پاشكۆی (١).

شێوەی (١)

ڕێژەی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٦٥-٢٠٠٩) دا




سەرچاوە: كاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١) .

بەلاّم لەساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی شارنشینان بۆ زیاتر لە (٣٤٪) ی كۆی دانیشتوانی قەزاكەی پێكهێناوە ،واتا لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠٠٢)ڕێژەی گەشەی ساڵانە گەیشتە (٢,٠٤٪)، هۆكاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزبونی ڕەوشی ڕامیاری وسەربازی ناوچەكە كە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق ئێران بوو وە بوونی چالاكیەكانی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانەدا سەرەڕای هێزە سەربازیەكانی ڕژێمی بەعس لە ناوچەكە وە كۆچكردنی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەی لێكۆڵینەوە وەك ڕاگواستنی مەڵبەندی شارنشینی هەردوو سەنتەری قەزای پێنجوێن و ناحیەی گەرمەك كە دانیشتوانەكانیان ڕاگوێزران بۆ ئۆردوگا زۆرەملیەكان وەك (ناڵپارێز و نەسر و برایەتی و شانەدەری) وە ئەو كاولكاری و وێرانكاریانەی بە سەر ناوچە سنوریەكاندا هاتووە بووە مایەی ئاوارە بوونی دانیشتوانەكەی، بەركەوتە یاخود پشكی ناوچە سنوریەكان زیاتر بوو لە ناوچەكانی تر وبۆمبارانكردنی قەزای پێنجوێن لەساڵی ١٩٨٣ بە هۆی جەنگی عیراق – ئیرانەوە[٩]. هەروەها لەساڵی ١٩٧٨ دا قەزای پێنجوێن هەڵوەشێنراوەتەوە لەبەرئەوەی دووچاری كاولكاری وێرانكاری و ڕاگواستن هات لەم ساڵەدا لەبەر ئەوەی ناوچەی لێكۆڵینەوە هاوسنورە لەگەڵ ئێراندا و ئەمەش وایكرد لە ساڵانی ١٩٧٨-١٩٨٧ دانیشتوانەكەی ڕابگوێزرێن بۆیە لە ئاماری ساڵی ١٩٨٧ دا دانیشتوانی سەنتەری قەزای پێنجوێن وگەرمەك

٩میهربان نوشیروان فؤاد ، محافظة السليمانية (دراسة في الجغرافية الإقليمية)، أطروحة دكتوراه قدمت الى مجلس كلية العلوم الإنسانية في جامعةالسليمانية،العراق ،٢٠١٤،ص٢٦٣.

دانیشـتوانیان تێیایدا تۆمار نەکراوە بە هۆکاری جەنگ[١٠]. هەروەها ناوەندە شـارسـتانییەکانی قەزای پێنجوێن لەماوەی نێوان سـاڵانی ١٩٧٨-١٩٩٠ خاپوور کران ولە دوای سـاڵی ١٩٩١ سـەرلەنوێ بونیاتنراونەتەوە وبەردەوامیبوونی حکومەتی ناوەندی عیراق لەسـەر پرۆسـەکانی ئەنفال و ڕاگواسـتنی ناوچەکانی قەزاکە بۆ سـاڵانی ١٩٨٧-١٩٩٠ ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تریشـەوە کاولکردنی گوندەکان لەسـاڵی ١٩٧٨-١٩٩٠ بووە هۆی ئەوەی کە گوندنشـینەکان بە ئاسـانی نەتوانن گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە لەگەل دەزگا خزمەتگوزارییەکان وەك خوێندنگەو تەندروستی وپرۆژەکانی ئاوو کارەبا... تێکـدران وڕوخێـنران ئەمە جگە لە بوونی هەزاران کێڵگەی میـن لەنـاوچەی لێکـۆڵیـنەوە کە ڕێگرە لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان وکێڵانی زەوی وزارەکان و چاککردنی ڕەزوباخەکان. بەشێوەیەك کۆی ڕووبەری خەملێنراو بەمین لە ناوچەی لێکۆڵینەوە (٦٠,١٢)کم٢، ئەو ڕووبەرەی خاوێنکراو تەوە لەمین زۆر کەمە بە بەراوورد بەو ڕووبەرەی کە مینرێژە. بە تێکرا بڕی (١٤,٩٩٪) ی ڕووبەری نـاوچەی لێکۆڵینەوە خـاوێنکراوەتەوە و ئەوی تری تـا ئێسـتـا خـاوێن نەکراوەتەوە و زەوی مینرێژە[١١].

لەسـاڵی ٢٠٠٩ دا ڕێژەی شـارنشـینی زیادیکردووە بوو بە ( ٥٥٪) ی کۆی دانیشـتوانی قەزاکە،وە ڕێژەی گەشـەی ساڵانەشی لەم ماوەیەدا (٢٠٠٢-٢٠٠٩) گەیشتە ٥,١٪ ئەم زیادبوونەش لە ئەنجامی چەند هۆکاریك بووە لەوانە :

کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی قەزاکە بۆ ناوەندی شـارەکان ، ئەمەش زیاتر بەهۆی دەسـتکەوتنی هەلی کارکردن لەشارەکاندا ودابەزین بەهای بەرووبوومی کشتوکاڵی لەو ماوەیەدا، چونکە دەسکەوتنی هەلی کارکردن یەکێکە لە هۆکارەکانی ڕاکێشـانی خەڵکە گوندنشـینەکان لە پێناو کۆچکردنیان بۆ شـارەکان لەگەڵ ئەوەشـدا لەم ماوەیەدا گوندەکان ئاوەدانکردنەوەیان بە خۆوە بینیووە و زۆرێك لە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابینکرا بەڵام گوندنشـینەکان نەگەڕاونەتەوە سـەر زێدی خۆیان چونکە شـار بوو بە سـەرچاوەی کار و کاسـبیان وخوێندن و ڕۆشـنبیری و پەیوەندی کۆمەڵایەتیـان ئەمە لە لایەکەوە ، لە لایەکیترەوە لە گونـدەکـانـدا هیچ ئـاسـۆیەکیـان بەدی نەدەکرد بۆ پێشـکەوتنی ژیانیان[١٢] ، ئەمەش وایکردووە کە هەمیشـە شـارەکان هۆکاربن بۆ ڕاکێشـانی دانیشـتوان، وە لادێکان دەرهاویشـتەی دانیشتوان بن[١٣].

١٠ وزارة الداخلية، الجهاز المركزي للأحصاء، نتائج التعدادالعام للسكان لسنة ١٩٨٧،محافظة السيمانية،مطبعة الجهاز المركز للأحصاء،بغداد،ص١.

١١ ڕۆژان فریدون عبدالرحمن محمد، دابەشـبوونی جوگرافیای کێڵگەکانی مین لە قەزای پێنجوێن و کاریگەرییە ژینگەییەکانی، گۆڤاری زانكۆی سلیمانی،(B- بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە(٥٤) ، ساڵی ٢٠١٨ ، ل٩٦-٩٧.

١٢پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)،سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤.

١٣ مصطفى الحفناوي، الهجرة من الريف إلى المدن(أسبابها، مشكلاتها، علاجها)،بدون مطبعة، عمان، الأردن،١٩٧٥،ص١٠.

خشتەی (٢)


ڕێژەی گەشەی ژینگەیی ساڵانەی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥- ٢٠٠٩)دا*

| مـــــــــاوە | شارنشین% | گوندنشین% |
|---|---|---|
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٤,٠٧ | ٢,٦٧ |
| ١٩٧٧-٢٠٠٢ | ٢,٠٤ | ٠,١٤ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٩ | ٥,١ | -٦,٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (١) .

شێوەی (٢)

ڕێژەی گەشەی ژینگەیی ساڵانەی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥- ٢٠٠٩) دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٢) .

* ڕێژەی گەشەی ژینگەیی ساڵانەی دانیشتوان دەرهێنراوە بە بەکارهێنانی ئەم هاوکێشەیە:

$$r = \left[ \sqrt[T]{\frac{P1}{P0}} - 1 \right] X100$$

r : ڕێژەی گەشەی ساڵانە.

T : ژمارەی ساڵانەی نێوان دوو سەرژمێر.

P1 : ژمارەی دانیشتوان لەدوایین سەرژمێر.

P0 : ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری یەکەم.

سەرچاوە: ذنون يونس عبدالله العبيدي، نموسكان مدينة الموصل للفترة (١٩٥٧-١٩٩٥)، اطروحة دكتوراة (غيرمنشورة)،كلية التربية، جامعة الموصل،١٩٩٨، ص٢١٧.

**بابەتی دووەم : دانیشتوانی گوندنشین لەسەر ئاستی قەزا :**

دانیشتوانی گوندنشین ئەو دانیشتوانانەن کە بایەخ بەچالاکی ئاژەڵداری، وکشتوکاڵ و ڕاووشکار دەدەن کە بەو پیشانە دادەنرێن کە خەڵکی گوندنشین بایەخیپێدەدەن[١٤].جیاوازی هەیە لە نێوان شار و گوندا لە شێوازەکانی ژیان و گوزەراندا وەك جیاوازی لە شێوازەکانی بەرهەمهێنان، چونکە کۆمەڵگەی گوندنشین خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەی چ لە شێوازی ژیاندا چ لە باوەڕبون بە هەندێ بەهای تەقلیدی. گرنگترین ئەو شتانەی کە کۆمەڵگەی گوندنشین وکۆمەڵگەی شارنشین جیادەکەنەوە بریتیە لە پیشە، کە تاکەکانی هەر کۆمەڵگەیەك پێی هەڵدەستن. کۆمەڵگەی گوندنشین کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵیە بەڵام لە شاردا یا لە کۆمەڵگەی شارنشیندا پیشەی باو بریتییە لە پیشەی بازرگانی وپیشەسازی وخزمەتگوزاری، هەروەها لە کۆمەڵگەی گوندنشیندا کاریگەری ژینگە لەسەر کۆمەڵگەی گوندنشین زیاترە بەڵام لە کۆمەڵگەی شارنشیندا کاریگەری ژینگە کەمترە یا سنوردارە ، هەروەها یەك چەشنی لە لادێدا زۆرترە بەلاَم کۆمەڵگەی شار یەکچەشنی کەمترە واتا هەمەجۆر وهەمەچەشنە و مامەڵەکردنی کۆمەڵایەتی لە لادێدا ڕاستەوخۆ لە چوارچێوەی یەك گروپدایە لە کۆمەڵگەی شارنشییندا مامەڵەی کۆمەڵایەتی ناراستەوخۆیە و دەکرێت لە دەرەوەی گروپێکدا یان لە ناوەوەی یەك گروپدا بێت[١٥]،

بە گەڕانەوە بۆ خشتەی (١) دەردەکەوێت کە ڕێژەی گوندنشینانی قەزای پێنجوێن لە ساڵی(٢٠٠٩) دا (٤٥٪) ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە، بەلاَم لە ماوەی نێوان (١٩٦٥-٢٠٠٩) ئەم ڕێژەیە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی بەخۆە بینیووە ، بە جۆرێك لەساڵی ١٩٦٥و١٩٧٧ یەك لەدوای یەك (٧٨٪ ،٧٥٪) ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەی پێکهێناوە ،بەڵام لەماوەی نێوان ساڵانی( ١٩٦٥-١٩٧٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی قەزاکە زیادیکردوو بوو بە (٢,٦٧٪) کە بە بەرزترین ڕێژەی گەشەی ساڵانەیی گوندنشین لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا لە قەزای پێنجوێن دادەنرێت.

لە ڕاستیدا بەرزی ڕێژەی گوندنشین ونزمی ڕێژەی شارنشین لەهەردوو سەرژمێری ساڵانی (١٩٦٥) و(١٩٧٧) دەکرێ لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانەدا لێك بدرێتەوە :

١– لەبەر ئەوەی ناوچەی لێکۆڵینەوە کەوتۆتە ناوچەی شاخاوییەوە کە یارمەتیدەر نەبووە بۆ گەشەکردنی مەبەندی شارنشینی قەبارە گەورە ئەمە لە لایەك، لەلایەکیترەوە کە سەرژمێری زۆربەی گوند وشارۆچکەکان نەگرتەوە، چونکە شۆڕشی کورد بەردەوام بوو بەرامبەر سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٦١ ەوە بۆیە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بووە و ژمارەکان زۆر ورد و باوەڕپێکراو نین.

٢-هەتا ئەو سەردەمە زۆربەی خەڵك لە ناوچە گوندنشینەکاندا نیشتەجێبوبون و پەیوەندییەکی ژیاری گرنگ هەبووە لە نێوان خەڵك و لادێدا، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تا ئەو کاتە بایەخدارترین پیشە بریتیبووە لە کشتوکاڵوئاژەڵداری کە ئەمەش زیاتر لە ناوچەی لادێیەکاندا بووە بەو پێیەی ئەو پیشەیە سەرەکیترین سەرچاوەی داهاتی خەڵکبووە .

---

١٤فؤاد محمد الصقار، محمد رشيد الفيل ، أصول الجرافيا البشرية ، وكالة المطبوعات، الكويت، ١٩٨٤، ص٢٥٨.

١٥ ميهرةبان نوشيروان فؤاد ، محافظة السليمانية (دراسة في الجغرافية الإقليمية) ، المصدر السابق،ص١٠٩.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣--خراپی باری ئابوریی و نەبوونی هەلیكاركردن هۆكارێكی پاڵنەربون بۆ نیشـــتەجێبونی زیاتری دانیشـــتوان لە لادێیەكاندا .

هەروەها ڕاگوێزانی دانیشـتوانی گوندە سـنورییەكان بە قووڵایی (١٠-٢٠)كم لە دوای ڕێكەوتنامەی جەزائیری نێوان عێراق وئیران وایكرد دانیشتوانی گوندنشینی قەزاكە ڕووە و شار وئۆردوگا زۆرە ملیەكان كۆچ بكەن. لەساڵی (٢٠٠٢)دا ڕێژەی دانیشـتوانی گوندنشـینی نزمبو بووبە نزیكەی (٦٦٪)ی كۆی دانیشـتوانی قەزاكەی پێكهێناوە ، لەماوەی نێوان سـاڵانی (١٩٧٧-٢٠٠٢)ڕێژەی گەشـەی سـاڵانەیی(٠,١٤٪) بووە. هۆكاری ئەم نزمبونەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی سیاسـی و ڕامیاری ناوچەكە بە جۆرێك كە گوندنشـینی (سـەنتەری قەزای پێنجوێن و ناحیەی گەرمك) لەماوەی نێون ساڵانی (١٩٧٧-١٩٩٠) ڕاگواسـتنی دانیشـتوانی گوندنشـینی قەزای پێنجوێن بە جۆرێك سـەنتەری قەزای پێنجوێن (٥٧) گونـد ڕاگوێزراون كە (١٤٠٣) خێزان بووە كە ژمـارەی دانیشـــتوانەكەیـان (٨١٣٧)كەس بووە لە نـاحیەی گەرمەكیش (٧٦)گونـد ڕاگوێزراون كە (١٨٨٤) خێزان بووە كە ژمارەی دانیشـــتووانیـان (١٠٩٢٧) كەس بووە[١٦]، هەروەها ڕاگوێزانی دانیشـتوانی گوندە سـنورییەكان، بە جۆرێك خاكی قەزاكە كەوتە بەر پشـكی ئەو جەنگە، ئەمەش بوو بە بیانوویەك بۆ حكومەتی عێراق تاوەكو گوندەكان ڕابگوێزێت . كردنەوەی ناحیەی ناڵپارێزیش لە ساڵی(1998)كە پێشتر گوند بووەلە سنوری قەزاكەدا[١٧].بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ڕێژەی گوندنشینانی قەزاكە دووبارە دابەزی بوو بە (٤٥٪)لە كۆی دانیشتوانی قەزاكە وە لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩)دا ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندنشین (-٦,٨٪)، كەمیانكردووە،ئەمەش بەهۆی چەنـد هۆكـارێكەوە بووە لەوانە:- ١- نەبوونی پلانی زانســتی بۆ دووبـارە ئـاوەدانكردنەوەی گونـدەكـان بە شـێوەیەكی مۆدێرن بووە هۆی كۆچی بەردەوامی دانیشـــتوانی گوندەكان بۆ شـــار ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە، چونكە هەمیشـــە شـــارەكان پشـــكی زۆرتری لەوپێشـــكەوتنانە بەردەكەوێت كە ڕوودەدەن ئەویش بە بەراورد لەگەڵ گوندەكان بۆیە شـــارەكان بوونەتە ناوەندێك بۆ ڕاكێشـــانی دانیشـــتوانی گوندەكان بەلای خۆیاندا وە لەئەنجامدا فراوانبونیان لەسەر حسابی گوندەكان .

٢- دابەزینی نرخی بەروبومە كشتوكاڵیەكان لە ئەنجامی هاتنە ناوەوەی بەروبوومی كشتوكاڵی لە وڵاتانی دراوسێ بە نرخی هەرزانتر بە بەراورد لەگەڵ بەروبومی نـاوخۆدا ،ئەمەش هۆكـارێكی پـاڵنەربوو بۆ كۆچكردنی گوندنشـــینان بەرەو شارەكان .

٣- پڕۆســەی دامەزراندنی ژمارەیەكی زۆر لە دانیشـــتوانی گوندەكانی ناوچەكە لە شـــارەكاندا بوون بە فەرمانبەر و پۆلیس و سەرباز لە دامودەزگاكانی حكومەتدا.

٤- بە رزبونەوەی ئاستی باری ئابوریی دانیشتوان لە شارەكاندا بە هۆكارێكی تر دادەنرێت ،كە دانیشتوانی گوندەكان هان دەدات بۆ كۆچكردن بەرەو شارەكان .

٥- جێبەجێكردنی بڕیاری (٩٨٦) لە ساڵی (١٩٩٦)،كە بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك ،وە دابەشكردنی خۆراك بەسەر هاوڵاتیاندا بووە هۆی وازهێنانی بە شێكی زۆری جوتیار لە كارو پیشەی كشتوكاڵ[١٨].

---

١٦ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،ئامارێك بەو وێرانكاریانەی بەسەر كوردستاندا هاتووە، داتای بڵاونەكراوە.

١٧ بڕوانە پاشكۆی (٢).

١٨ بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ســاكار محەمەد حەســەن گەردی، ڕۆڵی دانەوێڵە لە زامنكردنی ئاســایشــی خۆراك لە هەرێمی كوردســتاندا، نامەی ماستەر(بڵاونەكراوە) ، كۆلێجی زانستەمرۆڤاییەتیەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٥٥ .

**تەوەرەی دووەم: دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەكە كارگێڕییەكان (ناحیەكان) :-**

دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن لەسەر ئاستی یەكە كارگێڕییەكان لە یەكەیەكەوە بۆ یەكەیەكی ترو لە كاتێكەوە بۆ كاتێكیترجیاواز بووە ،بە جۆرێك لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٦٥-٢٠٠٩) دا، گۆڕانی گەورە بەسەر ڕێژەی شارنشین و گوندنشینی هەریەك لەم یەكە كارگێڕییانە هاتووە ،وەك لەخوارەوە نیشاندراوە:-

**بابەتی یەكەم: دانیشتوانی شارنشین لەسەر ئاستی یەكە كارگێڕییەكان:-**

ڕێژەی دانیشتوانی شارنشینان بە شێوەیەكی گشتی لە یەكە كارگێڕییەكانی قەزای پێنجوێن دا نزمە لەماوەی نێوان ساڵانی لێكۆڵینەوەدا، جگە لە ناحیەی سەنتەر لە ساڵی (٢٠٠٢)و (٢٠٠٩)دا، ڕێژەی شارنشینی بەرزتربوو وەك لە گوندنشین، ئەمەش لە سەیركردنی خشتەی (٣) دا، نیشاندراوە .

١-ناحیەی سەنتەر :-

ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لە سەنتەری قەزا لەساڵی (٢٠٠٩)دا نزیكەی (٨٥٪)ی لە كۆی دانیشتوانی ناحیەكە پێكهێناوە، كە بە بەرزترین ڕێژەی شارنشینی لە قەزاكەدا دادەنرێت بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم یەكە كارگێڕییەكانی تر ،چونكە لەكاتی ئێستادا (پێنجوێن )،سەرجەم دامودەزگا خزمەتگوزارییەكانی تیادا دامەزراوە وەك قوتابخانە ،نەخۆشخانە ،شارەوانی ،بونی ڕێگاوبان و ئاو و كارەبا....هیتر، بەجۆرێك لە ساڵی (٢٠٠٢)دا ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری قەزا (١٣٦١٣)كەس بووە، و ژمارەی ماڵەكان (٢١٨٦)ماڵە و (٦)قوتابخانەی سەرەتایی و یەك قوتابخانەی ئامادەیی و نەخۆشخانەیەكی گشتی و(٣)مەڵبەندی تەندروستی و (١٣)مزگەوت بووە[١٩].شاری پێنجوێن فراوانبوو لە ساڵی (٢٠١٣)دا لەڕووی گەرەكە نیشتەجێبووەكانیدا بە ئاڕاستەی خۆرهەڵات و باكوری خۆرهەڵات بەڵام ناوچە خزمەتگوزارییەكان دەكەونە ناوجەرگەی شارو باشوورییەوە، ناوچەی پیشەسازی دەكەوێتە باكورو خۆرئاوای شارەوە، دارستانەكانیش بە دەوری شارەكەدا لە ئاڕاستەی خۆرهەڵات و باكورو خۆرئاوا. لەماوەی ساڵانی لێكۆڵینەوە (١٩٦٥-٢٠٠٩) ،ڕێژەی شارنشین لە ساڵی (١٩٦٥)دا لە (٣٥,٨٪) بە كەمترین ڕێژەی شارنشین دادەنرێت هۆكاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانكاری كارگێڕیی بە جۆرێك لە ساڵی ١٩٥٩بوو بە قەزا پێشتر ناحیەیەك بوو سەر بە قەزای هەڵەبجە[٢٠]،بەڵام لە ساڵی (١٩٧٧)دا بوو بە (٣٨,٣٪)، دواتر لە ساڵی (٢٠٠٢)دا دووبارە ڕێژەی شارنشین بەرزبووە بۆ (٧٠٪)، هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٩)دا جارێكیتر ڕێژەی شارنشین بەرزبۆتەوە بۆ نزیكەی (٨٥٪)،زیادبوونی ڕێژەی شارنشین و كەمبوونی لە تەواوی ئەم ماوانەدا لە ئەنجامی زیادبوونی سروشتی نیە، بەڵكو بەهۆی ئەو كۆچە بەردەوامە بووە، كە دانیشتوانی گوندنشینی قەزاكە ئەنجامی دەدەن بەرەو سەنتەری شارەكان، بەو پێیەش كە (پێنجوێن )سەنتەری كارگێڕی قەزاكەیە، وە زۆربەی دامودەزگا خزمەتگوزارییەكانی لە خۆگرتووە، كە پێشتر ئاماژەمان پێدا، بووەتە هۆی ڕاكێشانی دانیشتوانی یەكە كارگێڕییەكانی تری قەزاكەدا بۆ سوود وەرگرتن لە خزمەتگوزارییەكان، پاشان بەهۆی ئاڵۆزبوونی ڕەوشی ڕامیاری و سەربازی ناوچەكە بوە هۆی تێكدان و كاولكردنی گوندەكانی قەزاكە بە تایبەت لە هەشتاكاندا كە ئەمەش بووە مایەی كۆچكردن و ڕاگوێزانی ژمارەیەكی زۆر لە دانیشتوانی گوندنشین بەرەو شار.

---

١٩ مديرية الأحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية و البني الخدمية و الأرتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، المصدرالسابق.

٢٠ میهرةبان نوشیروان فؤاد ، محافظة السليمانية (دراسة في الجغرافية الإقليمية) ، المصدر السابق ،ص٣١٢.

٢- ناحیەی گەرمك :-

ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لە ناحیەی گەرمك لە ساڵی (٢٠٠٩)دا لە (٧٪)ی لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکەیان پێکهێناوە، بە بەرزترین ڕێژەی شــارنشــین دادەنرێت کە ناحیەی ناوبراو لە ماوەی ســاڵانی لێکۆڵینەوە بە خۆیەوەی بینیووە، .بە جۆرێك لە ســاڵی (١٩٦٥)دا ڕێژەی شــارنشــین لە (٢،٢٪)بووە، لە کۆی دانیشــتوانی ناحیەکە، نزمی ڕێژەی شــارنشــین دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم ناحیەیە ســاڵی(١٩٦٢)دروســتبووە پێشــتر گوندێك بوو لە گوندەکانی قەزای پێنجوێن ،وە بەشـێوەیەکی گشـتی سـروشـتی تۆبۆگرافیا یارمەتیدەرنەبووە بۆ کۆبوونەوەی دانیشـتوان بە چڕیەکی بەرز لە سەنتەرە شارستانییەکاندا. وە لە ساڵی (١٩٧٧)دا ئەم ڕێژەیە (٢،٨٪)بوو،بەڵام لە ساڵی(٢٠٠٢)دا ڕێژەی شارنشین بەرەو بەرزبوونەوە چووە بوو بە (٣،٨٪) ئەمەش بەهۆی ئوەی ئەم ناحیەیە کاریگەری ڕاگواسـتنی لەسـەر بووە، دواتر لەساڵی ١٩٩١ سـەر لەنوێ بونیادنراوەتەوە. ژمارەی دانیشـتوانی ناحیەی گەرمك لە سـاڵی (٢٠٠٢)دا (٦١٠)کەس بووە ، و ژمارەی خانوو (٩٢) بووە، یەك گەڕەك تیادابوو بە ناوی گەرمك، یەك قەتابخانەی سـەرەتایی و مەڵبەندی تەندروسـتی تیادابوو، بەڵام لەساڵی(٢٠١٣)دا ژمارەی دانیشـتوانی گەیشـتۆتە(١٠٢٤٩)کەس. (١٢) بنکەی تەندروسـتی و (٤٤)مەڵبەندی تەندروســتی و (٥٢)مزگەوت، و پارکێکی تیادابوو ،ناوچەی نیشــتەجێبون دەکەوێتە ناوەندو باکوری خۆرهەڵاتی شــارەکەوە ناوچەی بازرگانیش دەکەوێتە خۆرئاوای شــارەکە، ناوچە خزمەتگوزارییەکانیش ناوەڕاســت و خۆرئاوای شارەکە ، وە ناوچە سەوزاییەکانیش دەکەونە باکوری خۆرهەڵاتی شارەکە[٢١].

خشتەی (٣)

ڕێژەی ژینگەیی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان لە قەزای پێنجوێن

لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩)دا

| یەکە کارگێڕییەکان | ١٩٦٥ | | ١٩٧٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠٠٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین % | گوندنشین % | شارنشین % | گوندنشین % | شارنشین % | گوندنشین % | شارنشین % | گوندنشین% |
| ناحیەی سەنتەر (پێنجوێن) | 35.8 | 64.2 | 38.3 | 61.7 | 70 | 30 | 84.8 | 15.2 |
| ناحیەی گەرمك | 2.2 | 97.8 | 2.8 | 97.2 | 3.8 | 96.2 | 7 | 93 |
| ناحیەی ناڵپارێز | --- | --- | --- | --- | 7.7 | 92.3 | 8.3 | 91.7 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە:

١- الجمهورية العراقية، وزارة التخطيط، الجهاز المركزي لأحصـاء والنشـر، المجموعة الاحصـائية السـنوي للعام (١٩٦٥)، المصدر السابق،ص٧-٨.

٢- وزارة التخطيط،الجهاز المركزي للأحصـاء،نتائج العام للسـكان لسـنة (١٩٧٧)،محافظة السـليمانية،مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء،بغداد،١٩٧٨،ص ٣٥-٣٧.

---

٢١ ميهرةبان نوشيروان فؤاد ، محافظة السليمانية (دراسة في الجغرافية الإقليمية) ، المصدر السابق ،ص 314.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٣- حكومة إقليم كردستان العراق-مديرية الأحصاء السليمانية،المؤشرات السكانية و البني الخدمية الارتكازية لأقليم كردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، المصدرالسابق.

٤- بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،ئەنجامە سەرەتاییەکان پرۆسەی ژمارە و لێدان وگەماری سازی ( الحصر والترقیم) لەسەر ژمێری گشتی دانیشتوانی بۆ شارنشین و گوندنشینی قەزای شارباژێر ٢٠٠٩،سەرچاوەی پێشوو،( داتای بڵاو نەکراوە).

٢- ناحیەی ناڵپارێز:-

ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لە ناحیەی ناڵپارێز لە ساڵی (٢٠٠٩)دا لە (٨,٣٪)ی لە کۆی دانیشتوانی ناحیەکە پێکهێناوە، بە بەرزترین ڕێژەی شارنشین دادەنرێت لە ناحیەکە بەهۆی خراپی باری ئابوریی دانیشتوانی گوندەکان کۆچیاندەکرد بۆ ئەم ناحیەیە، لە لایەکیترەوە گرنگیدان بە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە سەرجەم بوارەکاندا، بە جۆرێك لە ساڵی (٢٠٠٢)دا ڕێژەی شارنشین (٧,٧٪) بوو، وە ژمارەی خانوو(٧٢) خانووە، یەك قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و مەڵبەندی تەندروستی تیادابووە[٢٢]، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٣)دا ژمارەی خانوو (١٢٠٤)بووە، وە (٢٩) قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی بوو، یەك دەرمانخانە و یەك باخچەی ساوایان و (٢٤)مزگەوت (٢)چێشتخانەو یاریگایەکی وەرزشی بووە. بە بەراورد بە ساڵی (٢٠٠٢) خزمەتگوزارییەکان زیادیکردوە بە جۆرێك ژمارەی دانیشتوانی شارنشین (٦٠٠)کەس بووە[٢٣].

**بابەتی دووەم : دانیشتوانی گوندنشین لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکان :**

ڕێژەی گوندنشین لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزای پێنجوێن لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩)دا گۆڕانکارانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە، ئەمەش لە خشتەی (٣) و نەخشەی (٢)دا تێبینی دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:-

١-ناحیەی سەنتەر:- کوندنشینانی ناحیەی سەنتەر لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ڕێژەی لە (١٥,٢)ی لە کۆی دانیشتوانی ناحیەکە پێکهێناوە، لە کاتێکدا لە ساڵی (١٩٦٥)دا ئەم ڕیژەیە (٣٥,٨٪)بووە، وە لە ماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠٠٢)یەك بە دوای یەك بە ڕێژەی (٦١,٧٪ ، ٣٠٪) بووە. کەمبوونی ڕێژەی گوندنشین ئەنجامی چەند هۆکارێك بووە لەوانە :-

١-بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشین لەم ناحیەدا.

٢-لە سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧)دا دانیشتوانی سەنتەری پێنجوێن و گەرمك دانیشتوانیان تیادا تۆمارنەکرا، چونکە لەماوەی ساڵانی (١٩٧٨-١٩٨٧) دانیشتوانەکەیان ڕاگوێزران بۆ ناحیەکانی دیکە و لە کۆمەڵگای زۆرەملێدا کۆکراونەتەوە، بە جۆرێك لە نێوان ساڵانی (١٩٧٨-١٩٨٧)،(٥٧) گوند ڕاگوێزراون، کە (١٤٠٣) خێزان بوون، کە ژمارەی دانیشتوانیان (٨١٣٧)کەس بووە کەپێشتر ئاماژەمان پێکردووە[٢٤].

---

٢٢حكومة إقليم كردستان العراق-مديرية الأحصاء السليمانية،المؤشرات السكانية و البني الخدمية الارتكازية لأقليم كردستان العراق لسنة ٢٠٠٢، المصدر السابق.

٢٣ میهرةبان نوشیروان فؤاد ، محافظة السليمانية (دراسة في الجغرافية الإقليمية) ، المصدر السابق،ص313.

٢٤ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،ئامارێك بەو وێرانکاریانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، سەرچاوەی پێشوو، داتای بڵاونەکراوە.

٣- دامەزراندنی ناحیەی ناڵپاریز لە ساڵی ١٩٩٨، کە (٢٥) کەرتی سەر بە پێنجوێن لابراو ناحیەی ناڵپاریزی لێدروستکرا[٢٥]. بەو پێیەی ،کە پێنجوێن سەنتەری کارگێڕی قەزاکەیە زۆربەی دامودەزگا حکومی و خزمەتگوزارییەکانی تیادا کۆبۆتەوە ئەمە هۆکارێکی ڕێخۆشکەربووە بۆ کۆچی بەردەوامی گوندنشینانی بۆ ئەم ناوچەیە .

٤-زیادبوونی داهاتی ساڵانەیی دانیشتوانی گوندنشین کە هاوکات بوو لەگەڵ باشتربوونی باری بژێوی ژیانیاندا وایکرد کە ڕووبکەنە شارەکان وە پیشەی نوێ ئەنجامبدەن وە واز لەکارو چالاکی لە بواری کشتوکاڵدا بهێنن.

٥- نادروستی ئەنجامە گشتیەکانی سەرژمێری دانیشتوان لە ساڵی (١٩٦٥).

٢- ناحیەی گەرمك: گوندنشینانی ناحیەی گەرمك لە ساڵی(٢٠٠٩)دا، لە (٩٣٪) ی کۆی دانیشتوانی ناحیەکەیان پێکهێناوە، لە کاتێکدا لە ساڵی (١٩٦٥)دا ئەم ڕێژەیە (٩٧,٨٪) بووە ،بەڵام ئەم ڕێژەیە لەماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠٠٢)دا یەك بەدواییەك بە ڕێژەی (٩٧,٢%،٩٦,٢٪) بووە. وە هۆکاری کەمبوونی ڕێژەی گوندنشین لە ماوەی ساڵانی لێکۆلینەوەکەدا دەگەڕێتەوە بۆ:

١-لە ساڵی (١٩٨٧) دا گوندنشینی نەما لەم ناحیەیەدا چونکە ئەم سنوەر ناوچەیەکی بەرفراوانی جەنگی عیراق – ئیران بووە.

٢-لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٨-١٩٧٩)، (٧٦)گوند ڕاگوێزراون، کە (١٨٨٤)خێزان بووە، کە ژمارەی دانیشتوانیان (١٠٩٢٧)کەس بووە[٢٦].

٣-ناحیەی ناڵپارێز: گوندنشینانی ناحیەی ناڵپارێز لە ساڵی (٢٠٠٩)دا ، (٩١,٧٪) ی لە کۆی دانیشتوانی ناحیەکە پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٢)دا ئەم ڕێژەیە بەرزبوویەوە بۆ( ٩٢,٣٪) ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:-

١-ناحیەی ناڵپارێز لە ساڵی (١٩٩٨) بووە بە ناحیە ،کە پێشتر گوند بووە لە گوندەکانی سەنتەری قەزاکە .

٢-لە ساڵی (١٩٩٨)دا ناحیەی سرۆچك سەر بە قەزای شارباژێڕ،(١٦)کەرتی لێجیاکرایەوە،کە (٢٧)گوندی لە خۆگرتبوو لکێنرا بە ناحیەی ناڵپارێزەوە ، وە جیاکردنەوەی (٢٥)کەرتیش لە قەزای پێنجوێن و لکاندن بە ناحیەی ناڵپارێزەوە[٢٧].

---

٢٥ بڕوانە پاشکۆی (٢).

٢٦ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،ئامارێك بەو وێرانکاریانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، سەرچاوەی پێشوو، داتای بڵاونەکراوە.

٢٧ بڕوانە پاشکۆی (٢).



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**تەوەرەی سێیەم: ئاماژەکانی گۆڕان و دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن:**

کۆمەڵگای دانیشـتوانی جیهان، وەکو هەموو بەشـێك لەو کۆمەڵگایانەی دانیشـتوان کە بە خەسـڵەتی گۆڕانکاریی دەناسـرێنەوە، کە زۆرجار لە زیادبونی گشـتییەوە دروسـت دەبێت. ئاسـاییە جوگرافیای دانیشـتوان بە لێکۆڵینەوە لە گۆڕانکاریی بایەخبدات، و لە جیاوازیی تێکڕاکانی گۆڕان بکۆڵێتەوە لە شـوێنێکەوە بۆ شـوێنێکیتر، هەوڵبدات هۆکاری ئەم جیاوازییە بخاتەڕوو. چونکە کۆمەڵگەی دانیشـتوان هەمیشـە جوڵەیەکی بەردەوامیان تیادایە، کە کاریگەرییەکەی لە زیادبونی قەبارەی دانیشـتوان و کەمبوونەوەیدا خۆی دەبینێتەوە، چونکە لەڕاسـتیدا هیچ کۆمەڵگایەکی دانیشـتوان نییە لە بارێکی جێگیردا بێت وە ئەو کۆمەڵگایانەش کەوا دەردەکەوێت لە بارێکی جێگیردابن و هیچ شـــوێنەوارێکی زیادبوون یان کەمبوونی پێوە دیارنەبێت، لەڕاسـتیدا بوونی ئەم چەشـــنە گۆڕانکارییانە دەشـــارێتەوە، لەبەرئەوە کۆمەڵگاکە وەك خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی گۆڕانکاریی بەسەردا دێت ئەندامەکانێتی[٢٨].

سەبارەت بە قەبارەی گۆڕانی ژمارەیی دانیشتوان و زیادبونی ساڵانەو ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە کە لەسەر ئاستی قەزا ی پێنجوێن، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا ڕویانداوە، لە خشتەی (٤) و شێوەی (٣) دا بە ڕوونی دەردەکەوێت:-

لە تێبینیکردنی خشـتەی (٤) و شـێوەی (٣) دا، دەردەکەوێت کە گەشـەی دانیشـتوان لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا، لەماوەی (٤٤) ساڵدا ڕوو لە زیادبوونێکی نەگۆڕە قەبارەی ئەو زیادبوونە کە لە دانیشتواندا ڕوویداوە ِگەیشتۆتە (١٢٨٨٥) کەس، بە زیـادبونێکی ســـاڵانە کە بڕەکەی (٢٩٢,٨)، بە تێکڕای گۆڕانێکی ســـاڵانەی (٥٠,٨٪) واتە قەبـارەی دانیشـــتوان زیـاتر لە نیو هێنـدە زیـادیکردووە لەمـاوەی نـاوبراودا. بەڵام ئەو زیـادبوونـانەی کە ڕویـانداوە لە ژمـارەی دانیشـــتوانـدا جیـاوازن لەمـاوەیەك بۆ مـاوەیەکیتر دەگۆڕێن بە پێی بـارودۆخی ئـاســـایش و ئـابوری کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە کارگێڕییەکان کە لەو ماوەیەدا ڕویانداوە، ئەم وەك لە خشـتەی (٤) و شـێوەی (٣) دا نیشـاندراوە، دەبینین کە بەهای نەرێنی گۆڕانکاریی لە ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢-٢٠٠٩)، دەرکەوتووە بەزیادبوونێکی ڕەها کە بڕەکەی (٤٨١٩-) کەس لەماوەی (٧) ســـاڵدا واتا بە زیادبونێکی ســـاڵانە کە دەگاتە (٦٨٨,٤-) کەس. بە ڕێژەی گۆڕانی سـاڵانە کە دەگاتە(١١,٢-%)، بەڵام لەماوەی سـاڵانی نێوان (١٩٦٥-١٩٧٧)، قەبارەی ئەو زیادبونەی لە دانیشـتواندا لەماوەی (١٢) سـاڵدا ڕوویداوە (١٠٧٩٨) کەس بووە ، بە زیادبوونێکی سـاڵانە کە بڕەکەی (٨٩٩,٨) کەس بووە بە تێکڕای گۆڕانێکی ســـاڵانە کە بڕەکە(٤٢,٦٪) ە، بەڵام لەمـاوەی ســـاڵانی نێوان (١٩٧٧-٢٠٠٢)، قەبـارەی ئەو زیـادبوونەی لە دانیشتواندا لەماوەی(٢٥) ساڵدا ڕوویداوە (٦٩٠٦) کەس بووە، بە زیادبوونێکی ساڵانە کە بڕەکەی (٢٧٦,٢) کەس بووە بە تێکڕای گۆڕانێکی ساڵانە کە بڕەکە(١٩,١٪)ە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ:

١-ناسـەقامگیری بارودۆخی سـیاسـی قەزاکە لەم ماوەیەدا، کە دوچاری چەندین ڕوداوبوەتەوە، کە گرنگترینیان شـەڕی (عێراق- ئێران) بووە، بەرفراوانبوونی سـەرکوتکردنی دانیشـتوانی قەزاکە بەتایبەتی لەنێوان (١٩٧٥-١٩٨٨)،

---

٢٨ سـروە جەلال حەمە، گۆڕانکاریی دانیشـتوان لە پارێزگای سـلێمای لە ماوەی نێوان سـاڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)، (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان)، تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٩.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

پرۆسـەی ڕوخاندنی گوندەکان و زەوییە کشـتوکاڵییەکان ڕاگواسـتنی دانیشـتوانەکەیان ئەودەرەنجامانەی کە لەوە کەوتوونەتەوە[٢٩].

٢-لە ساڵی (١٩٨٧) دا، دانیشتوانی قەزاکە بە هۆکاری جەنگ ڕاگوێزراون.

خشتەی (٤)


ئاماژەکانی گۆڕانی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا

| ساڵ | زیادبونی دانیشتوان (ڕەها)[٣٠] | زیادبونی ساڵانە[٣١] | ڕێژەی گۆڕان %[٣٢] |
|---|---|---|---|
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | 10798 | ٨٩٩,٨ | ٤٢,٦ |
| ١٩٧٧-٢٠٠٢ | ٦٩٠٦ | ٢٧٦,٢ | ١٩,١ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٩ | -4819 | -688.4 | -11.2 |
| ١٩٦٥-٢٠٠٩ | 12885 | 292.8 | 50.8 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (٢).

شیوەی (٣)

گۆڕانی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٤).

---

٢٩خليل اسماعيل محمد، التحليل الجغرافي لسكان المراكز الحضرية في محافظة السليمانية، مجلة متين، عدد (٦٠)، مطبعة دهوك،١٩٩٧، ص١٠٩.

٣٠زیادبوونی دانیشتوان (ڕەها) بە پێ ی ئەم هاوکێشەیە دەرهێنراوە:-

ژمارەی دانیشتوان لە دوایین سەرژمێری - ژمارەی دانیشتوان لە سەرژمێری پێشوو.

سەرچاوە: عبدالحسين زيني وأخرون ،ألآحصاءالسكاني ،الطبية الأولى ،دار الكتب للطباعة والنشر ،جامعة الموصل ،الموصل ،١٩٨٠، ص١٥١.

٣١ زیادبوون ساڵانە پشت دەبەستێت بە دوو سەرژمێری دانیشتوان بەم هاوکێشەیە دەرهێنراوە:-

ژمارەی دانیشـتوان لەسـەرژمێری دووەم – ژمارەی دانیشـتوان لە سـەرژمێری یەکەم / ژمارەی ئەو سـاڵانەی دەکەونە نێوان هەردوو بەرواری هەردوو سـەرژمێرییەکەوە. سـەرچاوە: احمد علی اسـماعیل، اسـس علم السـكان و تطبيقاته الجغرافيه، الطبعة الثامنه، دار الثقافه للنشـر و التوزيع، القاهره-مصر، ١٩٩٧، ص١٧٩.

٣٢ ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوان بەم هاوکێشەیە دەرهێنراوە: -

ژمارەی دانیشـتوان لە سـەرژمێری دووەم - ژمارەی دانیشـتوان لەسـەر ژمێری یەکەم / ژمارەی دانیشـتوان لە سـەرژمێری یەکەمx 100

سەرچاوە:- عبدالمجيد فراج، الأسس الاحصائيه للدراسات السكانيه، دارالنهضه، القاهره-مصر، ١٩٧٥، ص١٤٥-١٤٧.

بەڵام سەبارەت بە قەبارەی گۆڕانی ژمارەیی دانیشتوان و زیادبوونی ساڵانەو ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە کە لەسەر ئاستی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشینی قەزاکە، کە لە ماوەی نێوان ساڵانی لێکۆڵینەوە (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا ڕوویداوە، لە خشتەی (٥) و شێوەی (٤) دا، بە ڕوونی دەردەکەوێت:-

ئەم جیاوازییە لەنێوان بەهاکانی ئەم ئاماژانەدا لەسەر ئاستی شارنشین و گوندنشین لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا زیاتردەبێت، لە کاتێکدا قەبارەی زیادبوونی ساڵانە لەسەر ئاستی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا (١٩٦٥-٢٠٠٩)، گەیشتۆتە (٢٩٢,٨) کەس، بەشێوەیەك لە ناوچەی شارنشین بەرزدەبێتەوە دەگاتە(٣٥١,٩) کەس، پاشان لە ناوچەی گوندنشین نزم دەبێتەوە دەگاتە(٥٩,١-) کەس، بە شێوەویەکی ڕونتر دەتوانین گوزارشت لە ڕادەی جیاوازی لەنێوان بەهاکانی ئاماژەی گەشەی دانیشتوان لەسەر ئاستی دانیشتونی قەزاکە بەگشتی و ناوچەی شارنشین و گوندنشین بکرێت، لە ڕێگەی ئاماژەکانی ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوان، بەشێوەیەك ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی قەزاکە لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە بریتی بووە لە (٥٠,٧٩٪)، هەروەها ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی شارنشین (٢٧٩,٨٤٪)، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناوچەی گوندنشین گەیشتۆتە (١٣,١-%).

لێرەوە دەتوانین بڵێن ئاماژەکانی گۆڕانی دانیشتوان لەنێوان ناوچەی شارنشین و گوندنشیندا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر جیاوازە، وەك لە خشتەی (٥) نیشاندراوە، ئەم جیاوازیە لە ناوچەی گوندنشین زیاترە وەك لە ناوچەی شارنشین، هەروەها تێبینیدەکرێت ئاماژەکانی گۆڕان لە ناوچەی شارنشین هەمیشە کۆمەڵە بەهایەکی مووجەبن بەڵام لە ناوچەی گوندنشین بەهای سالبە لە هەندێك ساڵدا دەردەکەوێت، وەك پێشتر هۆکارەکەمان ڕونکردۆتەوە.

خشتەی (٥)


ئاماژەکانی گۆڕانی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لە قەزای پێنجوێن لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا

| ساڵ | شارنشین | | | گوندنشین | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | زیادبوونی دانیشتوان (ڕەها) | زیادبوونی ساڵانە | ڕێژەی گۆڕان% | زیادبوونی دانیشتوان (ڕەها) | زیادبوونی ساڵانە | ڕێژەی گۆڕان% |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٣٤٠٤ | ٢٨٣,٦٦ | ٦١,٥٢ | ٧٣٩٤ | ٦١٦,١٦ | ٣٧,٢٧ |
| ١٩٧٧-٢٠٠٢ | ٥٨٨٦ | ٢٣٥,٤٤ | ٦٥,٨٦ | ١٠٢٠ | ٤٠,٨ | ٣,٧٤ |
| ٢٠٠٢-٢٠٠٩ | ٦١٩٤ | ٨٨٤,٨٥ | ٤١,٧٤ | -١١٠١٣ | -١٥٧٣,٢٨ | -٣٨,٩٨ |
| ١٩٦٥-٢٠٠٩ | ١٥٤٨٤ | ٣٥١,٩ | ٢٧٩,٨٤ | -٢٥٩٩ | -٥٩,١ | -١٣,١ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە پاشکۆی (٢).

شێوەی (٤)

ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لە قەزای پێنجوێن لە ماوەی ساڵانی(١٩٦٥-٢٠٠٩) دا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە خشتەی (٥).

**دەرئەنجام**

ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم لێکۆڵینەوەیە پێی گەیشتووە بریتیە لە :

١-ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لە قەزای پێنجوێن لەماوەی ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩)ئەو کاتەو ئێستاش لە زیادبوونی بەردەوامدایە بەهۆی دیاردەی سنوور دانەنان بۆ دیاردەی کۆچی هاتوو ڕووەو ناوچە شارستانیەکان بە تایبەتی (ناوەندی قەزاکە)، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری بۆ هاتوون لە ژێر کاریگەری فاکتەری جۆراوجۆردا، ئەوەش بە تایبەتی لەماوەی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)دا دەردەکەوێت کە ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین (٥٥٪) ی پێکهێناوە لە کۆی دانیشتوانی گشتی قەزای پێنجوێن، بەڵام لە ساڵی (١٩٦٥)دا لە (٢١,٨٪) تێ نەپەڕیوە، ئەو ڕێژەیەش دابەش بووە بەسەر ناوچە شارستانی (سەنتەری پێنجوێن، ناحیەی گەرمك) بە شێوەی جیاواز.

٢-ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین لە قەزای پێنجوێن لەماوەی ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩)، دابەزینێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە بە جۆرێك دانیشتوانی گوندنشین (٧٨,٢٪)ی پێکهێناوە لە کۆی دانیشتوانی گشتی لە ساڵی (١٩٦٥)دا، بەڵام ئەم ڕێژەیە دابەزیووە بۆ (٤٥٪) لە ساڵی (٢٠٠٩)دا.

٣-تێبینی حاڵەتێکی نایەکسانی دەکرێت لە دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان بەسەر ناوچەکانی قەزاکەدا، چونکە ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان چڕبونەتەوە لە خاڵێکی دیاریکراودا کە خۆی لە (ناحیەی سەنتەر) دەبینێتەوە، ئەم حاڵەتە پێویستی بە دووبارە دابەشکردنەوەیە تاوەکو دابەشبوونەکە شێوەیەکی یەکسان بە خۆوە بگرێت.

٤-جیاوازی لەنێوان ڕێژەکانی دانیشتواندا بە پێی شوێنی نیشتەجێبون(شارنشین – گوندنشین) لە نێوان یەکە کارگێڕییەکاندا هەیە ، ئەو یەکە کارگێڕییانەی کە قەزای پێنجوێنی لێی پێکدێت. بەرزترین ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لە ساڵی ٢٠٠٩لە ناوەندی قەزای پێنجوێنە (٨٤,٨٪(لە کۆی دانیشتوانی شارنشین. بەڵام نزمترین ڕێژەی شارنشین لە سەنتەری ناحیەی (گەرمك)دا دەردەکەوێت ،کە (7%) بوو، بەڵام لە ناحیەیناڵپارێز (٨,٣٪) بووە. بەڵام واقیعی دابەشبونی دانیشتوانی گوندنشین جیاواز بوو لە دانیشتوانی شارنشین. ناحیەی گەرمك لەپلەی یەکەمدا هاتبوو لە ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین دەگاتە(٩٣٪) لە کۆی دانیشتوانی گوندنشین، بەڵام ناحیەی سەنتەر ڕێژەکەی نزمە لە(١٥,٢٪) تێنەپەڕیووە، هەروەها ناحیەی ناڵپارێز ڕێژەی(٩١,٧٪)ی کۆی دانیشتوانی گوندنشین.

٥- ئاماژەکانی گۆڕانی دانیشتوان لەنێوان ناوچەی شارنشین و گوندنشیندا لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکیتر جیاوازە، ئەم جیاوازیە لە ناوچەی گوندنشین زیاترە وەك لە ناوچەی شارنشین، هەروەها تێبینیدەکرێت ئاماژەکانی گۆڕان لە ناوچەی شارنشین هەمیشە کۆمەڵە بەهایەکی مووجەبن بەڵام لە ناوچەی گوندنشین بەهای سالب لە هەندێك ساڵدا دەردەکەوێت، واتە ئەم جیاوازییە لەنێوان بەهاکانی ئەم ئاماژانەدا لەسەر ئاستی شارنشین و گوندنشین لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوەدا زیاتردەبێت، لە کاتێکدا قەبارەی زیادبوونی ساڵانە لەسەر ئاستی دانیشتوانی قەزای پێنجوێن لە ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا (١٩٦٥-٢٠٠٩)، گەیشتۆتە (٢٩٢,٨) کەس، بەشێوەیەك لە ناوچەی شارنشین بەرزدەبێتەوە دەگاتە(٣٥١,٩) کەس، پاشان لە ناوچەی گوندنشین نزم دەبێتەوە دەگاتە(٥٩,١-) کەس، بە شێوەویەکی ڕونتر دەتوانین گوزارشت لە ڕادەی جیاوازی لەنێوان بەهاکانی ئاماژەی گەشەی دانیشتوان لەسەر ئاستی دانیشتونی قەزاکە بەگشتی و ناوچەی شارنشین و گوندنشین بکرێت، لە ڕێگەی ئاماژەکانی ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوان، بەشێوەیەك ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی قەزاکە لە ماوەی ساڵانی لێکۆڵینەوە بریتی بووە لە (٥٠,٧٩٪)، هەروەها ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی شارنشین (٢٧٩,٨٤٪)، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناوچەی گوندنشین گەیشتۆتە (١٣,١-%).

**پێشنیاز**

لە ژێر رۆشنایی ئەو دەرەنجامانەی کە ئەم لیکۆڵینەوەیە پێی گەیشتووە، ئەمانە پێشنیار دەکەین:

١-دابەشبونی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای پێنجوێن پێویستی بە دووبارە وردبوونەوە و تێرامان و چاوخشاندنەوە هەیە، ئەوەش لەڕێگەی دووبارە دابەشکردنەوەی سەرلەنوێ بۆ دانیشتوانەکەی بە پشت بەستن بە هەندێ بنەمای زانستی و وردو تۆکمەی ڕێکخراو، لە دوای جێگیربوونی بارودۆخی گشتی پێویستە هەوڵ بدرێ بۆ ریشەکێش کردنی هەموو هۆکارە مرۆییەکانی، کە بوونەتە هۆی دروستکردن و خولقاندنی چەندین حاڵەتی ناسروشتی دابەشبونی دانیشتوان.

٢-پێشخستنی واقعی سروشتی و مرۆیی لە لادێکاندا لە ڕێگەی هاندانی دانیشتوانی لادێکان بۆ گەڕانەوە بۆ دێهاتەکانیان و ئاوەدانکردنەوەیان سەر لەنوێ لە ڕێگەی دانانی پلانی زانستی و تۆکمەوە کە هەوڵبدات کە جیاوازییەکانی نێوان شارو لادێ کەم دەکاتەوە.

٣-پێویستە لایەنی پەیوەندیدارەکان هەستن بە دانانی رێوشوێنی پێویست لە بەرامبەر کۆچی هاتووی دانیشتوانی گوندنشین ڕووەو ناوچە شارنشینەکان، لەم دواییەدا دیاردەی کۆچ بوو بە دیاردەیەکی دیار کە هەڕەشەی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەکات، چونکە ژمارەی ئەو دانیشتوانەی کە لە گوندەوە کۆچ دەکەن لە هەڵکشانێکی بەردەوامدایە، ئەمەش دەبێتە کۆسپ لە بەرامبەر پرۆسەی وەبەرهێنان لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

٤-دروستکردنی گوندی نموونەیی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شوێنی گونجاو بۆیان، تاوەکو پرۆسەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان ئاسانتر بکات و ئەو خزمەتگوزارییانە بگەێنرێتە بەرفراوانترین ناوچە و شوێنی گوندنشین، ئەم هەنگاوە بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرێت بۆ چارەسەرکردنی هاوسەنگی لە نێوان ناوچە گوندنشینەکان و ناوچە شارنشینەکانی قەزای پێنجوێن چارەسەر بکات.

## سەرچاوەکان

### یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان :

**أ/ كتێب**

١- سليم، هيوا صادق ، جوگرافیای دتیشتوانی قەزای کۆیە (١٩٥٧-٢٠٠٢)، دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، بەغدا، عیراق، ٢٠٠٦.

٢- عەلی، جاسم محمدمحمد ، ڕۆلی هۆکارە سیاسییەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.

**ب/ گۆڤارو ڕۆژنامەكان :**

١-محمد، ڕۆژان فریدون عبدالرحمن، دابەشــبوونی جوگرافیای کێڵگەکانی مین لە قەزای پێنجوێن و کاریگەرییە ژینگەییەکانی، گۆڤاری زانکۆی سلیمانی،(B- بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکان، ژمارە(٥٤) ، ساڵی ٢٠١٨ .

**ج/ تێزەكان :**

١- ئەحمەد، پشتیوان شەفیق ، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆدابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە ( ١٩٥٧-٢٠٠٦) ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)،کۆلێجی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە،٢٠٠٩.

٢- أمین ، عبدالجبار صـــالح محمد، قەزای پێنجوێن"لێکۆڵینەوەیەك لە بواری جوگرافیای ســروشــتیدا"، نامەی ماستەر(بڵاو نەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی ،٢٠١١.

٣- حمە، سروە جلال ، شیکردنەوەی جوگرافیی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای شارباژێڕدا (١٩٥٧-٢٠٠٩)،نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی،٢٠١٢.

٤- حەمە، ســروە جەلال ، گۆڕانکاریی دانیشــتوان لە پارێزگای ســلێمانی لە ماوەی نێوان ســاڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)، (لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیـای دانیشــتوان)، تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، کۆلیجی زانســتە مرۆڤـایەیتەکـان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٩.

٥- گەردی ، ساکار محەمەد حەسەن ، ڕۆڵی دانەوێڵە لە زامنکردنی ئاسایشی خۆراك لە هەرێمی کوردستاندا ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، پێشکەشی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە، ٢٠٠٨.

**پ / چاپەمەنی و نووسراوە حکومییەکان :**

١- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،ئامارێك بەو وێرانکاریانەی بەسەر کوردستاندا هاتووە، داتای بڵاونەکراوە.

٢- وەزارەتی ناوخۆ،پارێزگای ســلێمانی، نوســراوی ژمارە (٢٠٨٨) لە (١٩٩٩/٥/٢٦) ی تایبەت بە جیاکردنەوەی (١٦) کەرت لە کەرتەکانی ناحیەی (سرۆچك) و لکاندنی بە ناحیەی (ناڵپارێز) لە سنووری قەزای پێنجوێن.

٣-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ســلێمانی،ئەنجامە ســەرەتاییەکانی پرۆســەی ژمارە لێدان و گەمارۆســازی( الحصــر والترقیم) ســەرژمێری گشــتی دانیشــتوانی قەزای پێنجوێن وناحیەکانی ٢٠٠٩،پارێزگای ســلێمانی، ٢٠١٠، چاپکراوبە کۆمپیوتەر،(داتای بڵاونەکراو).

٤- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ســلێمانی،ئەنجامە ســەرەتاییەکانی پرۆســەی ژمارە لێدان و گەمارۆســازی( الحصــر والترقیم) ســەرژمێری گشــتی دانیشــتوان بۆ شــارنشــین وگوندنشــینی قەزای پێنجوێن و ناحیەکانی ٢٠٠٩،پارێزگای سلێمانی ٢٠١٠،چاپکراو بەکۆمپیوتەر،(داتای بڵاونەکراوە).

**دووەم /سەرچاوە عەرەبیەکان :**

**أ/ کتێب :**

١- ابو عيانة، فتحي محمد ،جغرافية السكان ، دار المعرفة الجامعة ،الأسكندرية، مصر،١٩٨٩.

٢- جابر، محمد مدحت، الجغرافية البشرية، الطبعة الأولى، المكتبة الأنجلو-المصرية، القاهرة، مصر،٢٠٠٤.

٣-اسـماعيل، احمد على ، اسـس علم السـكان و تطبيقاته الجغرافيه، الطبعه الثامنه، دار الثقافه للنشـر و التوزيع، القاهره-مصر، ١٩٩٧.

٤- الحفناوي ، مصطفى ، الهجرة من الريف إلى المدن(أسبابها، مشكلاتها ، علاجها)،بدون مطبعة، عمان،الأردن،١٩٧٥.

٥- حميدان، علي سالم وآخرون ، جغرافية السكان (مدخل الى علم السكان)، الطبعة الأولى،دار صفاء للنشر والتوزيع، بلا مدينة النشر، الأردن، ٢٠٠١.

٦- زيني ، عبدالحسـين وأخرون ،ألآحصـاءالسـكاني ،الطبية الأولى ،دار الكتب للطباعة والنشـر ،جامعة الموصـل ،الموصل ،١٩٨٠.

٧- الصقار، فؤاد محمد ، محمد رشيد الفيل ، أصول الجرافيا البشرية ، وكالة المطبوعات، الكويت، ١٩٨٤.

٨- صالح ، امل سعيد ، تقليل الفجوة الريفية الحضرية عن طريق التنمية المتكاملة ، جامعة الدول العربية ، القاهرة، مصر، ٢٠٠٥.

٩-فراج عبدالمجيد ، الأسس الاحصائيه للدراسات السكانيه، دارالنهضه، القاهره-مصر،١٩٧٥.

١٠- لبيب، علي، جغرافية السكان(الثابت والمتحول)،الطبعة الاولى، مطبعة دار العربية للعلوم، بيروت ،لبنان ،٢٠٠٤.

١١- الهيتي، صبري فارس و حسن، صالح فليح ، جغرافية المدن، دار الكتب للطباعة والنشر،الموصل، العراق، ١٩٨٦.

**ت / تێزەکان :**

١-العبيدي، ذنون يونس عبداللة ، نموسكان مدينة الموصل للفترة (١٩٥٧-١٩٩٥)، اطروحة دكتوراة (غيرمنشورة)، كلية التربية ، جامعة الموصل،١٩٩٨.

٢-فؤاد، ميهربان نوشـيروان ، محافظة السـليمانية (دراسـة في الجغرافية الإقليمية)، أطروحة دكتوراه قدّمت الى مجلس كلية العلوم الإنسانية في جامعةالسليمانية،العراق ،٢٠١٤.

**پ/ چاپەمەنی و نوسراوە حکومییەکان :**

١-وزارة الداخلية ،مديرية تسـجيل الأحوال المدنية العامة ، مديرية شـعبة الفنية ، دليل التعداد العام لسـنة ١٩٦٥، مطبعة شركة دار الجمهورية ،بغداد.

٢- الجهاز المركزي للأحصاء نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧ ،محافظة السليمانية ، بغداد ، ١٩٧٨ .

٣- الجهاز المركزي للأحصاء ،نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧ ، محافظة السليمانية ، ١٩٨٨.

٤- مديرية الأحصاء السـليمانية ،المؤشـرات السـكانية والبني الخدمية والأرتكازية لأقليم كوردسـتان العراق لسـنة ٢٠٠٢ ، (بدون رقم الصفات) ،مطبعة بالكومبيوتر ( غير منشورة ) .

٥- بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی قەزای پێنجوێن لە ساڵی ٢٠٠٩،بەشی نەخشەکێشان.

٦- حکومەتی هەرێمی کوردسـتان ،وەزارەتی ناوخۆ ،پارێزگای سـلێمانی ، نەخشـەی پارێزگای سـلێمانی، بەشـی ڕووپێووی ،٢٠٠٩.

**پاشكۆی (١)**

ژمارەی دانیشتوان شارنشین وگوندنشین لەسەر ئاستی قەزاو یەکە کارگێریەکان پێنجوێن لەماوەی ساڵانی (١٩٦٥-٢٠٠٩) دا

| یة كة كارطيَرِييةكان | ١٩٦٥ | | ١٩٧٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠٠٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشين | طوندنشين | شارنشين | طوندنشين | شارنشين | طوندنشين | شارنشين | طوندنشين |
| ناحيةى سةنتةر (ثيَنجويَن) | ٥٣٠٩ | ٩٥١٩ | ٨٥٥٤ | ١٣٧٩٩ | ١٣٦١٣ | ٥٨٢٣ | ١٩٩٢٧ | ٣٥٧٩ |
| ناحيةى طةرمك | ٢٤٤ | ١٠٣١٥ | ٣٨٣ | ١٣٤٢٩ | ٦١٠ | ١٥٢٥٨ | ٦٥٣ | ٨٨١٠ |
| ناحيةى نالَثاريَز | --- | --- | --- | --- | ٦٠٠ | ٧١٦٧ | ٤٣٧ | ٤٨٤٦ |
| تيَكرِا | ٥٥٣٣ | ١٩٨٣٤ | ٨٩٣٧ | ٢٧٢٢٨ | ١٤٨٢٣ | ٢٨٢٤٨ | ٢١٠١٧ | ١٧٢٣٥ |

سةرضاوة : كارى تويَذةر بة ثشت بةستن بة :

١-وزارة التخطيط،دائيرة الاحصاء المركزي،قسم الاحصاء والنشر،المجموعة الاحصائية السنوية العامة(١٩٦٥)،مطبعة الحكومة،بغداد، ص ٧-٨.

٢-وزارة التخطيط،الجهاز المركزي للأحصاء،نتائج العام للسكان لسنة (١٩٧٧)،محافظة السليمانية،مطبعة الجهاز المركزي للأحصاء،بغداد،١٩٧٨،ص ٣٥-٣٧.

٣-مديرية الأحصاء السليمانية ،المؤشرات السكانية والبني الخدمية والأرتكازية لأقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢ ، (بدون رقم الصفات) ،مطبعة بالكومبيوتر ( غير منشورة )٤- بەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی ،ئەنجامە سەرەتاییەکان پرۆسەی ژمارە و لێدان وگەماری سازی (الحصر والترقيم) لەسەر ژمێری گشتی دانیشتوانی بۆ شارنشین و گوندنشینی قەزای پێنجوێن و ناحیەکانی ٢٠٠٩، سەرچاوەی پێشوو،(داتای بڵاو نەکراوە).

## پاشکۆی (٢)

بـاریـزگـای سلیمانـی
(خـو یەتـی)

ژمـاره/ ٨٨ - ٢
بـەروار / ٦/ ٥/ ١٩٩٩

بـو/ قایمقامیەتي قـەزای بینجوین
= = شـاربازیـر

ب/ دیـاری کـرد نی سنـوری دیهـاتي نالپـاریـز
====================

دوا بـەدوای فـەرماني کـارگـیریمان ٤٠٣١ لـە ٢٨/ ١١/ ١٩٩٨ وەزارەتـي ناوخـوی هەریمي کـوردستان بـەنو سـراویان ژمارە ١١٦٣ لـە ٢٢/ ٥/ ١٩٩٩ ئـاگـادارن کـردین کـە سـەروکایەتـي ئـەنجومـەني وەزیـران بـە نوسراویان ژمارە ٩١٤ لـە ١١/ ٥/ ١٩٩٩ رەزامەنـد ن بـە دیارن کـرد ني سنوری ناحیەی نالپاریز بە پیي پیشنیاری لیژنەی دیاری کـرد ني سنوری ناحیەکـە دیارن کـرد ني دیهـاتـەکاني وەکـو کونوسي لیژنەی ناوبراون هـاوپیچدا هـاتـوە بـو ئاگـاداری وەهـەستانتان بـەکاری پیویست تکـایـە .

تـساد رحمه جـان عـزیز
بـاریـزگـاری سلیمانـي

هـاوپیـچ
==============
کـونوسي کـو بو نـەوە

وینـەی بـو
===============
هـەمـو قائمقامیـەتـي قـەزاکـان .....
هـەمو فەرمانگاکاني بـاریـزگـا .......
بەریوبەریتي کـارگیری / کشتي / خـویەتـي / کاروباری ناوخو / یاسـایي
بـەشـي بیـومـرب باریـزگـا
ژمـاره .
خـو یـەتـي

لەگەل کونو سي کو بونـەوەی لیـژنـەکـە بو ئەما ن مـە بەسـت تـکـایـە .

ش/ ٢٥/ ٥

(( کـونـوسـی کـوبونـەوە ))

بەپی ی فـەرمانی وەزاری ژمارە ٤٢٦٦ لـە ١٢/ ١٢/ ١٩٩٨ لیژنە ی دیاری کردنـی سنوری ناحیە ی نالپاریز کوبونەوە لەروژی ٢٨/ ١٢/ ١٩٩٨ و پیشـنیار دەکیـن/

١ . جیاکرد نەوەی ئەم کە رتانەی خوارەوە لەقائمقامیەتی قەزای پینجوین ولکاندنی بەناحیە ی نالپاریزەوە / کە رتەکـان

خرنوك/ ٢٣ نالپاریز/ ٢٦ کانی سپیکە/ ٢٧ کانی سیف/ ٢٨ توتمانی سەرو/ ٢٩
دولە جەوت/ ٣٨ جومرەسی/ ٤٠ گوری گەپلە/ ٥٤ یاسامالی/ ٥٥ تەرتەوەن/ ٥٦
دولە سور/ ٥٧ جەوتان/ ٥٨ سیامیوە/ ٥٩ کولتان/ ٦٠ زەرد ووی/ ٦١
زەنگی سەر/ ٦٤ باخسی/ ٦٦ رەشان/ ٦٧ کورمیوی سەرو/ ٦٨ کورە میوی خوارو/ ٦٩
توتمانی خوارو/ ٧٠ تازەدی/ ٧١ بورەید مری سەرو/ ٧٥ بورەد مری خوارو/ ٧٦ لائـانی/ ٧٧

٢ . جیاکرد نەوەی ئەم کەرتانەی لای خوارەوە لەبەریوبەریتی ناحیەی سروچك + بەرزنجە) سەربە قەزای چوارتا ولکاندنی بەناحیەی نالپاریزەوە . کەرتەکیـان :

سلیمانە دول/ ١٢ رەزلە/ ٢٣ گولانی سەروخوارو/ ٢٤ دەشتی خرمان/ ٢٥
تولە گسکان/ ٢٦ دوستە بەرە/ ٢٧ سەرکان/ ٢٩ دەرە میانە/ ٣٠
دارەبەن/ ٣٥ هەرزلە/ ٣٦ ئاریز مر/ ٤٠ بادانە/ ٤١ تەلاتس/ ٤٩
سویرە/ ٥٠ مستند ئارا/ ٥٢ زەرد کاوە/ ٥٣ کانی ماران/ ٥٤

٣ . سنوری گوندەکانی ناحیەی نالپاریز بەم شیوەیەی خوارەوە ئەبیـت/ ـ

یەکم/ سنوری لەروژهەلاتەوە ئیران . لەروژ ئاواوە ناحیەی سروچك . بەرزنجە لەباکورەوە قەزای پینجوین لەباشورەوە ناحیە ی خورمال وشارەزوور .

دووم/ دیهاتەکانی ناحیەی نالپاریز بریتی یە لەمانەی خوارەوە .

خرنوك/ ٢٣ نالپاریز/ ٢٦ کانی سپیکە/ ٢٧ کانی سیف/ ٢٨
توتمانی سەرو/ ٢٩ دولەجەوت/ ٣٨ جورمەرس/ ٤٠ گوری گەپلە/ ٥٤
یاسامالی/ ٥٥ تەرتەوەن/ ٥٦ دولەسور/ ٥٧ جەوتان/ ٥٨
سیامیوە/ ٥٩ کولتان/ ٦٠ زەرد ووی/ ٦١ زەنگی سەر/ ٦٤
باخسی/ ٦٦ رەشان/ ٦٧ کورمیوی سەرو/ ٦٨ کورە میوی خوارو/ ٦٩
توتمانی خوارو/ ٧٠ تازەدی/ ٧١ بورمید مری سەرو/ ٧٥ بورمد ری خوارو/ ٧٦
لائانی/ ٧٧ سلیمانەدول/ ١٢ رەزلە/ ٢٣ گولانی سەروخوارو/ ٢٤
دەشتی خرمان/ ٢٥ تولەگسکان/ ٢٦ دوستەبەرە/ ٢٧ سەرکان/ ٢٩ دەرمیانە/ ٣٠
دارەبەن/ ٣٥ هەرزلە/ ٣٦ ئاریزمر/ ٤٠ بادانە/ ٤١ تەلاتس/ ٤٩
سویرە/ ٥٠ مستند ئارا/ ٥٢ زەرد کاوە/ ٥٣ کانی ماران/ ٥٤

لطیف محمود عبد الله — رویەر — ئەندام
عمر حمە غریب محمود — قائمقامی پینجوین — ئەندام
عەمید نظر علی اکبر — راویژکاری یاسایی — ئەندام
صلاح علی رسول — بەریوبەری گشتی دیوان — سەروکی لیژنە